گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper19

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 10/05/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 18/07/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 28/08/2024

# فەلسەفەی پەروەردە و زانین لە دیدی غەزالیدا

**دارستان عبدالرحمن حسین[١] - بەیار عثمان قادر[٢] - زریان همزە عزیز[٣]**

zryan.hamzaazziz@uor.edu.krd bayarothman@uor.edu.krd darstan.abdulrahman@uor.edu.krd

[١+٢+٣]بەشی فەلسەفە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

پوختەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیكردنەوەی سەرچاوەو ڕێگاكانی گەیشتن بە زانین و گومانی مێتۆدی لە جیهان دیدی غەزالیدا و شرۆڤەكردنی چەمكی پەروەردە لە فەلسەفەی غەزالیدا وەک نمونەیەكی دیار لە جیهانی ئیسلامیدا. سەرچاوەكانی گەیشتن بە زانین لای غەزالی جگە لە هەستەكان و ئەقڵ لە ڕێگەی وەحی پێغەمبەرانیشەوە بە دەستدێت. واتە پێغەمبەران زانینێكی تایبەتیان هەیە كە كەسانی ئاسایی نییانە بۆیە لەسەر خەڵكە ئاساییەكە پێویستە شوێنكەوتەی بن، هەروەها هەستەكان زانینی بەرهەست بە ئەقڵ دەگەیەنن و ئەقڵیش ڕێكیدەخات. بەڵام گەیشتن بە زانینی یەقینی و ڕاستەقینە لە ڕێگەی هەست و ئەقڵ بەدەست نایەت بەتەنیا، بەڵكو هەستەكان و ئەقڵ جێی گومانن و زۆرجار هەستەكانمان هەڵمان دەخەڵەتێنن، هەروەها بەئەقڵیش بە زانینی یەقینی ناگەین بە تایبەت لە بابەتە میتافیزیكیەكان ناتوانرێت بە هەست و ئەقڵ دەرک بكرێن، وەک ئەو بابەتانەی دەكەونە ئەودیو جیهانی بەر هەست، بۆیە غەزالی مێتۆدی گومان دەگرێتەبەر بۆئەوەی بەزانینی یەقینی بگات، ئەمەش لە ناو ڕێگەی سۆفیگەریی دەدۆزێتەوە بە ڕێگەی (حدس). غەزالی وایدەبینێ مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی(حدس)ەوە بە ڕاستی شتەكان بگات. هەروەها چەمكی پەروەردە (education) لە هەر زمانێكدا وشەیەكی بۆ بەكارهێنراوە. بەڵام هەموویان مەبەستیان لە ئامادەكردن و ڕاهێنان و فێركردنی تاكەكانە. ئاینی ئیسلام گرنگییەكی زۆری بە بواری پەروەردە داوە و پانتاییەكی زۆری لە ناو شەریعەتی ئیسلامی و خودی قورئانی پیرۆزدا بۆ تەرخان كراوە. ئیمامی غەزالی كە یەكێكە لە گەورە پیاوانی ئایینی ئیسلام ڕۆڵێكی گەورەی لە پەروەردەی ئیسلامیدا گێڕاوە. لەم ڕووەوە غەزالی چەندین كتێبی نوسیوە، وەكو (احياء علوم الدين) كە بریتییە لە ئینسكلوپیدیایەكی بە نرخ لە بواری ژیانەوەی زانستە دینییەكان و پەروەردەكردنی ئیسلامیانە. غەزالی هەوڵیدا

پەروەردەی ئیسلامی بەرەو سۆفیزم ئاراستە بکات. ئامانجی پەروەردەی ئیسلامی ئامادەکردنی تاکێکی باوەڕداری پابەندە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری.

**کلیلە وشەکان:** غەزالی، فەلسەفەی پەروەردە، زانین، گومان، حدس

پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی غەزالیدا تێگەیشتنێکی تایبەتی پێویستە. چونکە زاراوەو چەمکی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوە لە بەرامبەر تێگەیشتنەکانی هزری غەزالی پێویستیمان بە لێوردبونەوەو قوڵبونەوەیە لە نوسینەکانی، غەزالی وەک نوسەرێک و فەیلەسوفێکی ئیسلام لە بوارەکانی قورئان و سونەت زانستی فیقە و زانستی کەلام کاری کردوە، هەروەها لەبواری فەلسەفەش بەرهەمی هەیە، غەزالی سیمبولی گەشەی مەعریفی و فەلسەفەی عیرفانییە، غەزالی جگەلەوەی شارەزایی لە بنەماکانی ئاین پەیداکردوە شارەزایی لە جەدەل و لۆژیکیشدا پەیداکردوە، فەلسەفەی خوێندوە بۆ ئەوەی شارەزایی لە تێڕوانینی فەیلەسوف و زاناکان پەیدابکات. کاریگەری لەسەر فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا هەبوە بەتایبەت لەڕێگەی بەرهەمەکەی (ڕزگار کار لە ونبون) ئەم کەسایەتییە خاوەن پێگەیەکی دیارە و کاریگەری هەیە لەسەر کۆی سیستمی مەعریفی ئیسلامی و بەهۆی ئەوەی خاوەن ئەزمونێکی قوڵ و تایبەت و پرۆژەیەکی گەورەی مەعریفی بوە، شێخ ئەبوحامد غەزالی چەندان نازناوی هەیە نمونەی ئیمامی بەحر، سەرسوڕهێنەری زەمانی خۆی، زەین عابدین، هاوکات بە نازناوی (حجة الإسلام) زیاتر ناسراوە، خاوەنی چەندەها نوسین و پەرتوکە لەبەناوبانگترینیان (احیاء علوم الدین) لە زۆربەی بوارەکاندا نوسینی هەیە، لەم توێژینەوەیەدا تیشکمان خستۆتە سەر بواری زانین و پەروەردە لای ئیمام غەزالی کە ڕۆڵێکی زۆری بینیوە لە بواری پەروەردەدا لەسنوری فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامیدا.

**پلانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە دو بەش بەشی یەکەم: تایبەتە بەپرۆسەی زانین و سەرچاوەکانی زانین و چۆنیەتی گەیشتن بە ڕاستی لەلای غەزالی، کە پێکهاتوە لە سێ باس، باسی یەکەم: سەرچاوەکانی زانین، باسی دوەم: تایبەتە بە قۆناغەکانی گەیشتن بەزانین لای غەزالی کە چەند قۆناغێک لەخۆدەگرێت. هەرچی باسی سێیەمە تایبەتە بە بەدەستهێنانی زانین لە ڕێگەی (حدس). بەشی دوەم تایبەتە بە فەلسەفەی پەروەردە لە دیدی غەزالیدا، کە چوار باس لەخۆدەگرێت، لە باسی یەکەمدا تیشکمان خستۆتە سەر چەمکی پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە، کە دو تەوەرە لەخۆدەگرێت. لەباسی دوەمدا چەمکی پەروەردە لە هزری ئیسلامیدا خراوەتەڕو، باسی سێیەم تایبەتە بە پەروەردە لەهزری غەزالیدا، هەرچی باسی چوارەم و کۆتاییە تایبەتە بە پەروەردەی سۆفیزمی غەزالی، لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە ئاشنابونمان بە مەعریفە لەلای غەزالی لەڕێگەی شیکارکردنی سەرچاوەو ڕێگاکانی گەیشتن بەزانین، هەروەها شیکردنەوەی میتۆدی گومان لای غەزالی و ڕێگەی گەیشتن بە یەقین و مەعریفەی ڕاستەقینە، لە ڕێگەی حدس، زانینی ناوەوەی مرۆڤ، نوری دڵو ڕوناکی ئەقڵ. و ئاشنا بون بە ڕەنگدانەوەی پەروەردەی ئیسلامی لە هزری غەزالیدا، لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە ئاستی گرنگی پێدانی غەزالی بزانین بۆ پەروەردە بە گشتی و پەروەردەکردنی تاک و ئامانجی پەروەردە.

**گرنگی توێژینەوە:** لێکۆڵینەوە لە پەروەردە و زانین بابەتێکی گرنگ و پێویستە، بنەمای پێشکەوتنی هەمو کۆمەڵگەیەک بریتییە لە پەروەردە، کۆمەڵگەی ئێمە بە گشتی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، پەروەردە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی تاکێکی چاکەکار و دور لە خراپەکاری دروستبکرێت. زانین کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە مرۆڤ دەتوانێت پلە بەپلە لە ڕێگەی هەست و ئەقڵ و (حدس) و بەزانینی دڵنیایی لێکراو بگات و بەپلەی دڵنیایی و ئارامی دەرونی بگات. زانستێک کە لە دوا پلەکانی گومانکردن بێتە کایەوە ئەمەش گەیشتنە بەیەقین، بۆ هەمو ئەوانەی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی ئایا فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامی لە پێناو پەروەردەکردنی تاکی بڕواداره بۆ ئەم دنیا یاخود ئامادەکردنی و پەروەردەکردنی بۆ ئەو دنیا (الأخرة)؟ یان بۆ هەر دو دونیا؟ سەرچاوەکانی زانین کامانەن؟ چۆن بە زانینی ڕاستەقینە دەگەین؟

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی شیکارییە، هەوڵدراوە بەشێوەیەک شیکاری چەمکی پەروەردەو فەلسەفەی پەروەردە، پەروەردەی ئیسلامی لە دیدی غەزالیدا شیکار بکەین، و شرۆڤەکردنی ڕێگاکانی گەیشتن بەزانین و سەرچاوەکانی زانین و چۆنیەتی دەرچون لە گومانی میتۆدی و بەدەستهێنانی زانین لە ڕێگەی حدس لە دیدی غەزالیدا.

## بەشی یەکەم: سەرچاوەکانی زانین و چۆنیەتی گەیشتن بە حەقیقەت لای غەزالی

### باسی یەکەم: سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی زانین لای غەزالی(1)

سەرچاوەکانی زانین: ڕێگاکانی گەیشتن بە زانین یان دەرککردنی زانین لە ڕێبازی فەلسەفە و فەیلەسوفەکانەوە، دابەش دەبێتە سەر سێ ناوەند، کە هەریەکێ لەو ناوەندانە لە دنیابینی مەعریفەی غەزالیدا گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەم فەیلەسوفە ئەم ڕێگایانەی وەک ئامرازێکی گرنگی بەدەستهێنانی زانین بینیون.

## 1–ئامرازی هەست(الحس)

هەست هێزێکی درککەرە لە مرۆڤ کە لە پێنج ئەندامی لاشەی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت، ئەمانیش برتیین لە: بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، دەست لێدان. زۆرێک لە فەیلەسوفان پێیانوایە هەستەکان سەرچاوەی سەرەکی دەرککردنن ئەمەش لای فێرگەی ئەزمونگەری ئینگلیزی بەئاشکرا دیارە، کە پێیانوایە زانینی دروست لە ڕێگەی هەستەکان و دەرککردنی زانستی ئەزمونگەرییەوە بونیاددەنرێت. لەوانە فرانسیس بیکن، جۆن لۆک، هیوم.....هتد، جۆن لۆک وای دەبینی مێشکی مرۆڤ لاپەڕەیەکی سپییە ئەزمون لەسەری دەنوسێت، واتە لە ڕێگەی ئەزمونەوە فێردەبین. دەرککردن لای غەزالی بریتییە لە دروستبونی وێنایەک یان وەرگرتنی نمونەی ڕاستی شتەکان، چونکە ڕاستی تەواوەتی دەرکناکرێت تەنها لەڕێی هەستەکان، و وێناکردن بە هەستەکان واتە زانینی ڕاستی تەنیا لە هەستکردن و زانین وسەرنجداندا نییە. غەزالی دەبێژێت دەرککردنی جیهانی شتەکان بەدەستنایەت تەنیا لە ماوەی چوار قۆناغی بە دوایەکداهاتنی ڕیکخراوەیی کە بە هەست دەستپێدەکات و بەعەقڵ کۆتایی دێت، بە وەهم و خەیاڵدا تێدەپەڕێت. بەڵکو بۆ بە دەستهێنانی زانین پێویست بە زنجیریەک بە دواداچون وئەزمونکردن و پلەی دەرککردنی جیاواز لە داماڵین وتەجریدکردن، لەو لێڵی و ناڕونییەی داپۆشیوەو پێوەلکاوە (الورتی،2019،275-276). غەزالی لە (معیار العلم)دا دەڵێ: (هەستپێکراوەکان لەڕێگەی پێنج هەستەکانەوە دەرک دەکرێن، وەک ڕەنگەکان، کە زانینی لادروست کردوین لە شێوە و بڕدا، (چۆنیەتی و چەندیەتی) هەروەها هەستی بینین و بیستن بە گوێیەکان، و تامکردن و چەشتن، هەستکردن بە زبری و ڕەقی و ساردی، و گەرمی و شێ، لە ڕێگەی بەرکەوتن و دەستلێدان، هەمو ئەمانەو و ئەوەی پێشیەوە پەیوەستە ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بەهەستکردن. و هێزی دەرککردن لەناو هەستەکاندا ئەگەر ڕاستەوخۆش دەرنەکەوێت لە ڕێگەی شوێنەوارەکانیان دەبینین و دەزانین. ئەگەرچی هێزی دەرککردن دەرکناکرێت بەیەکێک لە پێنج هەستەکان و هێزی خەیڵکردنیشی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانا و ویست و ئیرادە، و بەڵکو ترس وشەرم و خۆشەویستی و توڕەیی دەزانین و هەست پێدەکەین، بەبێ زانینێکی یەقینی لە ڕێگەی جۆرێک لە هەڵهێنجان و نیشاندانی شتێک بە هەستەکانمان. (الورتی،2019،276-277)

فەیلەسوفی ئیسلامی غەزالی بڕوای وایە ئەم جۆرە زانینە کە پێی دەگوترێت زانینی هەستی، دەرککردنی ئاژەڵییە. بۆیە کەموکوڕی تێدایە، چونکە بۆ دەرککردنی زانین لە ڕێگەی هەستەکان دەبێت شت–لەگەڵ هەستەکاندا بەریەکبکەوێت، یان نزیک بێت لە هەستەکان بەریەککەوتن لەگەڵ هەردو هەستی دەست لێدان و چەشتن نزیکیش بۆ هەستەکانی بینین و بیستن و بۆنکردن. بە بڕوای غەزالی هەمو بونەوەر یان (الموجود الاول) نە لەگەڵ مرۆڤ بەریەک دەکەوێت نەلێیەوە نزیکە، بۆیە هەستەکان ناتوانن دەرکی بکەن. کەواتە هەستەکان لە ڕوی بەرهەمهێنانی زانین یان تێگەیشتن لەم ڕووەوە (بابەتی مێتافیزیکی) هەڵەیە. بە بڕوای

غەزالی هەستەکان ناتوانن دەرکی مەعریفەی یەقینیبکەن، بۆیە نابێت لەم چوارچێوەیەدا پشتیان پێببەستن. (شەشۆیی،2016،243–244). غەزالی لە بارەی پێنج هەستەکەوە خۆی دەپارێزێت لە ڕۆچون بەناویاندا، چونکە باسکردنی ڕاستی و دروستیان زۆر دورو درێژە، بەڵام وەک هەنگاوی یەکەمە لە بنیاتنانی زانیندا واتە لەوەدیهێنانی ئیدراک و هەستدا.(صافی،2016،112–113). واتە هەستەکان دەکرێ وەک دەروازەو ئامرازی سەرەتایی زانین بەکاربهێنرێن، بەڵام بۆ بابەتە مێتافیزیکییەکان کە دەکەونە دەرەوەی ئەزمون ناکرێت پشت بەهەستەکان ببەسترێت، چونکە هەستەکان ئەو توانایەیان نییە. و ئەگەر لێکچواندنێکی غەزالی بکەین لەگەڵ ئەفلاتوندا لەمڕوەوە دەبینین ئەفلاتون لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لە جیهانی شتە ئەقڵانییەکاندا هەمو شتێک پاک، بێ کەم وکوڕییە، خۆشی بەخشە، بەڵام لە دنیای هەستپێکراوەکاندا هەمو شتێک تێکدراو و کەموکوڕی و بەناویەکداچوە، بەم شێوەیە ئەو زانینەی لەجیهانی ئەقڵانیەتەوە بەدەست دێت زۆر جیاوازە لەو زانینەی لە جیهانی هەستپێکراو بەدەستی دێنین. ئێمە ناتوانین پەی بەنهێنییەکانی شتە ئەقڵانییەکان ببەین، تا ئەو کاتەی زانینی ئێمە سنوردارە بۆ جیهانی شتە هەستپێکراوەکان، وەکو ئەو کەسانەی کە خەون دەبینن ئەگەر بیانەوێت لەم حاڵەتی خەوتنە بینە دەرەوە دەبێت لە دنیای هەستپێکراوەکانەوە ڕو لە دنیای ئەقڵانیەت بکەن و ئاشنایتی پەیدابکەن)) (میهرین،2009، 163) لێرەدا دەبینین غەزالی و ئەفلاتون و زۆرێک لە فەیلەسوفانی تر پێیان وایە بۆ بەدەستهێنانی زانینی ڕاستەقینە مرۆڤ دەبی جیهانی هەستپێکراو تێپەڕێنێت، چونکە هەستەکان جیهانی گۆڕاون و جێی متمانە نین. داری ڕاست لە ناو ئاودا بەخوار دەبینن و سەراب لە بیاباندا بەئاو دەبینن.......هیتر، و تواناو هێزی هەستەکان سنوردارە. بۆ گەیشتن بە ڕاستی دەبێ ئەم سنورە تێپەڕێنین. ئەمە بە واتای ئەوە نایەت هەستەکان بێکەڵکن و سودیان نییە، بەڵکو هەستەکان بەشدارن لە بەدەستهێنانی زانین، یەکەم هەنگاوی زانین بە هەستەکان دەست پێدەکات بۆیە هەستەکان کەم بایەخ نین لە بەدەستهێنانی زانین.

### 2- ژیریی- العقل:

ژیریی ئامرازێکی گرنگی بەرهەمهێنانی زانینە، ئەو ئامرازەیە کە مرۆڤی پێ لە زیندەوەرانی تر وەک ئاژەڵ، ڕوەک، جیادەکرێتەوە، ئەم ئامرازە گرنگەی مرۆڤ بەڕادەیەکە زۆر لە فەیلەسوفان پێیانوایە تاکە سەرچاوەی زانین ژیریی (ئەقڵ)ە، بۆ نمونە ڕێبازی ژیرەکی کە ڕێنێ دێکارت[2] دامەزرێنەریەتی بیرکردنەوە، ژیری بە بنەمای زانین و بونی مرۆڤ دادەنێت، غەزالی پێی وایە زۆرێک لە شتەکان ناچنە سنورەکانی هەستەوە هەتا لە ڕێگای هەستەکانمانەوە ئاشنایان بین و بیان زانین، بۆ نمونە زانیارییەکانی وەک ڕاڤەکردن و تێکەڵکردن و پێوانەکردن و بەرهەمهێنان و بەیەکەوە بەستنەوە....هتد. لە ڕێگای عەقڵ و ژیرییەوە ئەم پرۆسانە ئەنجام دەدرێن لەوێشەوە بەشێکی تری زانین دێتەکایەوە.(شەشۆیی،2016، 244–245) غەزالی دەڵێ: زۆر

گومانکردن منی گەیاندە ئاستێک باوەڕم بە هەستەکان نەما تەنیا ژیری(ئەقڵ)مایەوە کە باوەڕی پێی هەبێت، بەڵام ئایا ژیری لای غەزالی جێی باوەڕبو؟ هەریەکە لە هەستەکان و ژیر ئامرازی گەیشتنن بە زانین، بەڵام زانین لە ڕێگەی هەستەکان هەمو کاتێک و لە هەمو ڕویێکەوە جێگای دڵنیایی لێکردن نییە. ئەگەرچی غەزالی بۆ گەیشتن بە زانینی ڕاستەقینە تاڕادەیەک دەڕوا کە گومانی لەژیریی (ئەقل)یش دەکات، بەڵام لەو کتێبە جەدەلییەی دژی مەسیحییەت نوسیویەتی بەناوی(رد جميل لالوهية المسيح) ڕەتکردنەوەیەکی جوانی خودایەتی مەسیح، لێرەدا غەزالی تەنها پشت بە زانست و ئەقڵ دەبەستێت وەک ڕێنیشاندەر لە لێکدانەوەی دەقە ئینجیلیەکاندا، (کۆربین، 2018، 224–225). کەواتە غەزالی ناتوانێت پشت لە ئەقڵ بکات ڕاستە ڕەخنەی لێدەگرێ، چونکە ئێمە دەبینین کە ئەقڵییەکان لە تێڕوانینەکانیاندا هەڵە دەکەن، کە خەیاڵ و وەهم عەقیدەو بیروباوەڕ گەلێکیان تێدایە کە پێیان وایە کە حوکم و یاساکانی هی ئەقڵە، هەر بۆیە هەڵە کە دەدرێتە پاڵ ئەقڵ. ئەگەر ئەقڵ پەردەی وەهم و خەیاڵی لەسەر لاببرێت تەسەوری هەڵەی لێ ناکرێت، بەڵکو شتەکان وەکو خۆیان دەبینێت.(صافی،2016، 108–109) هەربۆیە غەزالی گرنگی زیاتر بەهێزە ناخاکییەکانی مرۆڤ دەدات کە درێژە بەباسکردنیان دەدات کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان جەستە لەو کاتەی کە کرداری ئیدراک ئەنجام دەدات. غەزالی پێیوایە ئیدراک و هەست دو بەشن دیارو نادیار. واتە بەشێکیان پەیوەستە بە پێنج هەستەکان، بەشەکەی تریش خۆی لە هێزە ناخییەکانی ئیدراکدا دەبینێتەوە. غەزالی پێناسەی ئیدراک و تێگەیشتن دەکات بەوەی کە (وەرگرتنی نمونەی حەقیقەتی شتەکانە، نەک حەقیقەتە دەرەکی و خاریجییەکەی بێت). غەزالی پێیوایە هێزە شاراوەو ناوەکییەکان لە پێنج هێز پێکهاتون:

1–هەستی هاوبەش: کۆپیکردنی شێوەی بینراوە کە پێی دەگوترێت هەستی هاوبەش.

2–حافیزە: کە جێگەکەی بۆشایی یەکەمە لەبەشی پێشەوەی مێشک.

3–وەهم: شوێنەکەی کۆتای بۆشایی ناوەڕاستی مێشکە کە مانای نەبینراو هەستپێکراوەکان دەرک دەکات، کە لە هەستپێکراوە ناسەرەکییەکان وەک دەرککردن و هەستکردن. وەک ئەوەی منداڵ سۆزی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت.

4–بیرگە، یادگە (زاکیرە): بریتییە لە ئۆرگانی پاراستنی ئەم مانایانە، شوێنی بۆشایی دواوەی مێشکە.

5–هێزی بیرکەرەوە(مفكرة): شوێنەکەی ناوەڕاستی مێشکە کە لە نێوان کۆگای وێنەکان و کۆگای ماناکاندا ڕێکخراوە، ڕۆڵی پێکهێنان و وردەکاری دەبینێت بەپێی ویست توانای دانانی شتێکی نوێی نییە، کە لە خەیاڵدا بونی نەبێت مەگەر بە درێژەپێدان و پێکهێنان نەبێت. هێزی بیرکەرەوە مەرجی کاراکردنی ئەقڵە، هەر کێشە

و تێکچونێک لەمەدا یان لەوانیتردا ڕوبدات کاری ئەقڵ نەگونجاو دەکات، چونکە خراپبونی ئەم بەشانە دەبێتە هۆی تێکچونی کاری ئیدراک و هەستەکان، ئەم هێزە کە نەفس و دەرون جارێک بەکاریدەهێنن بۆ پێکهێنان و درێژە پێدان بەپێی عەقڵی کرداری، و جارێکیش بەپێی عەقڵی تیۆری بەکاریدەهێنێت. (صافی،2016 ،112–115). غەزالی پێناسەی ئەقڵ دەکات لە ڕوی پەیوەندی بەزانستەوە و جارێکی تریش لە ڕوی پەیوەندی بە مرۆڤەوە پێناسەی دەکات، لە ڕوی ئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی گۆیایە، سێیەمیش لەڕوی ئەو ئەزمونانەوە پێناسەی دەکات کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەنجامی دەدات. جگە لەمە بە چەند جۆرێکی تریش پێناسەی دەکات، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆحەقیقەتی یەکەم کە مانای غەریزەیە، ئەمەش بەپێی ئەو پێناسەیەی کە لە (حاریسی کوڕی ئەسەدی موحاسیبەوە) وەریگرتوە کە لە پێناسەی ئەقڵدا گوتویەتی: بریتییە لە غەریزەیەک کە زانستە تیۆرییەکانی پێ ئامادە دەکرێت و وەک ڕوناکی و نورێک وایە کە دەخرێتە ناو دڵەوە کە بە هۆیەوە دڵ ئامادەباشی پەیدا دەکات بۆ هەستکردن بەشتەکان. خاوەنی ویژدان نییە ئەوەی کە ئینکاری ئەمە بکات و تەنها ئەقڵ بگێڕێتەوە بۆسەر زانستە زەروری و پێویستەکان، ئەوکات بێ ئاگاکان لەزانست و خەوتوەکان پێیان دەگوترێت ئاقڵ بەهۆی بونی ئەم غەریزەیەوە تێیاندا، هەرچەندە زانستیشیان تێدا نەبێت). غەزالی ئەم پێناسەیەی بەشێوەیەکی جوان لە (منقض من الضلال) بەرجەستە کردوە و قەڵای ئەقڵانی و زانستی و سۆفیگەریەکەی لەسەر بنیاتناوە.(صافی،2016، 136–137).

3–بەرچاوڕونی و زیرەکی پێغەمبەرایەتی(وەحی):

ئەم سەرچاوەیەش کلیلی بەشێکیتری دنیای مەعریفەی پێغەمبەرایەتی لە دیدی فەیلەسوفان و غەزالیشەوە وەک ئەمینێکی دنیای وەحی خودایی سەیردەکرێت، کە توانیویانە ببنە چرایەکی ڕۆشنی کۆشکی ژیان و بەسەرچاوەیەکی گرنگی زانست و زانین هەژماردەکرێت. لە جیهان بینی غەزالی فەیلەسوفدا بۆناسینی سەرچاوەکانی زانین دەگەڕێتەوە بۆ هەست و ئەقڵ و وەحی پێغەمبەرایییەتی، ئەمانە دەبنە بنەمایەک بۆ ئاراستەکردنی مرۆڤ بۆ دنیای خواناسی، هەتا مرۆڤ چاکترو زیاتر شارەزای زانست و ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی بێت باشتر لە حەقیقەتی خواناسی و جیهانی بێسنوری دەسەڵاتی باڵای ئیلاهی تێدەگات. بەڵام ئەگەر مرۆڤ لەڕوی ئامرازەکانی زانین و خواناسی لاواز بو، ئەوا خێراتر لە زەلکاوی نەزانین و دنیای تاریک و ژیانی بێماناد ا نیشتەجێ دەبێت، سەرچاوەکانی زانینی عیرفانی لە ڕوئیای غەزالیدا دەتوانرێت وەک یارمەتیدەرێک تەماشابکرێت لە ڕوی دۆزینەوەی ڕێگای حەقیقەت و تێگەیشتن لە دنیای بون و وەزیفەی مرۆڤ و ئەو دیوسروشت و میتافیزیک(شەشۆیی،2016، 245–246). غەزالی پێیوایە ئێمە بەهۆی ئەزمونەوە چۆنیەتی شتە بەرهەستەکان دەزانین وەک ژمارە، هەستەکان نەک بەهەڵهێنجانیان لە مانا ئەبستراکتەکان، ئەم مانایە کەمترە لەوەی هەمو شتەکانی نێو قوڵایی دەرونمان بگرێتە خۆی و پێیان بگات.

خۆشەویستانی خودا (پەیامبەران) زانستێکیان لەمەڕ دونیا هەیە، ئەو زانایانەی پشت بە هەڵهێنجانی ئەقڵ دەبەستن پێیناگەن، تەنها ژمارەیەکی کەمی خەڵک بەو پلەوپایە دەگەن ئەوانیش پەیامبەران و نێردراوان لە هەمو سەردەمەکاندا. بۆیە شوێنکەوتنیان لەسەر هەمو ئەو کەسانە ئەرکە، کە لە پلەوپایەی زانیندا لەوان لە خوارترن. (دیبور،2013، 180).

**باسی دوەم: قۆناغەکانی گەیشتن بە زانین لە لای غەزالی**

غەزالی بۆ گەیشتن بەزانین و ڕاستی تەواوەتی و گومان هەڵنەگر هەوڵێکی زۆری داوە، بەمەش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە کە ئەمانەن:

یەکەم: قۆناغی تەقلیدگەرا و پەیوەستبون بە بۆچونی زانایان.

ئەم قۆناغە مرۆڤ پەیوەست دەکات بە بیرو بۆچونی زانایانی پێش خۆی دەشبێتە درێژکراوەی ڕۆحی، دوبارە کردنەوەی ڕەهەندە فکری و فیقهی و مەزهەبییەکان، بەو مانایەی بیروبۆچون و زاستی بەرهەمهاتو لەسەر ڕونکردنەوەی بابەتە فقهی و تەنانەت تەفسیری هەندێک لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر (علیە وسلام) و قسەو گوفتاری هاوەڵان و زاناکانیتر، دەبنە تەفسیرێکی بڕاوەو مانایەکی تەواوەتی دەگەیەنن، غەزالی لەسەرەتای تەمەنیدا موقلید بوەو، تەقلیدی بیروبۆچونی دایک و باوک و مامۆستاکانی و بەگشتی خەڵکی کردوە، سەرەتاش دەرکی بەوە نەکردوە کە بەو جۆرە کەوتۆتە لاساییکردنەوە و پەیڕەوی بیروبۆچونی زانایان، دوای گەران و لێکۆڵینەوە کە زانیویەتی بەو جۆرە پەیڕەوی شرۆڤە و تەفسیری زانایانە، پەیڕەوکردنی تێکشکاندوە و خۆی بیری کردۆتەوەو دەستیکردوە بە ئیجتیهاد. وەک دەڵێت....فلما علم دلک انکسرت رجاجة تەقلید..... دەکرێت لێرەدا ئاشنای دو مانای تەقلید بین یەکەم: تەقلید گرنگی تایبەتی هەیە بۆ ئەوانەی نەشارەزان یان زانان بەڵام نەگەیشتونەتە پلەی ئیجتهاد. دوەم: تەقلید ئاسانترین ڕێگایە بۆ ئاشنابون بە مەعریفەی بەرهەمهاتو یان ڕێگەیەکە کە لێیەوە ئەو یاساو تەفسیرانەمان پێشکەش دەکات کە زاناکان دوای ماندوبونێکی زۆر پێگەیشتون، (شەشۆیی، 2016، 232-233). هەوڵدانی غەزالی بۆ گەیشتن بەڕاستی خۆتەرخانکردنی بۆ ئەوکارە وای کرد گومان دروست بکات لە لاسایکردنەوەو شوێن کەوتن خۆی ڕزگار بکات غەزالی دەڵێت: (تامەزرۆی پێزانینی ڕاستی کاروبارەکان، خوێکی من بو هەر لە سەرەتای ژیانی لاویەتیم، خۆڕسک و خۆڕایی لەخۆوە بو لە سروشتی مندا بو نەک بە هەڵبژاردنی خۆم و زانینی خۆم، تا بەیەکجاری پەیوەستی بە نەریتگەریم لە کۆڵبوەو باوەڕی بۆماوە شکستی هێنا هەر لە سەروبەندی لاویەتیدا) بێگومان وازهێنان لە باوەڕی بۆماوەو لاسایگەری و ڕەخنەلێگرتنی ئەوە گومانگەری و سەرەتای گومانەکەیە. ئەمەش قۆناغی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەزانین کە بریتییە لە گومان. (وەسمان،2014، 180).

**دوەم: قۆناغی گومان لای غەزالی**

گومان لە وشەی یۆنانی-لاتینی (Skepticisms) وەرگیراوە كە ڕەهەندی ئیپستمۆلۆژی و ڕەهەندی لۆجیكیشی هەیە. (عزیز،2016، 224) چەمكی گومان مێژویەكی دێرینی هەیە لە كلتوری مرۆڤایەتیدا چونكە سەرەتای سەرهەڵدانی هزرین دەگەڕێتەوە بۆ گومانی مرۆڤ، بەتایبەتی لەو دیاردە سروشتیانەی سەرەنجیان ڕاكێشاوە، كە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبوە بە ژیانی ڕۆژانەیەوە، چونكە مرۆڤ لەسەرەتاوە نەیتوانیوە بەشێوەیەكی ژیرانە ڕاڤەی ڕودانی ئەم دیاردانە بكات و سەرچاوەكانیان دیاریبكات، بۆیە بە بەردەوامی بەگومانەوە لەم دیاردانەی ڕوانیوە، نەیتوانیوە بڕیارێكی دروست لەبارەیانەوە بدات، لەم بارەیەوە مرۆڤ بێ توانا بوە لە یەكلایكردنەوەی بڕیاردان بۆیە بەبەردەوام لە گوماندا بوە ئەم گومانەش بەرامبەر هەموشتێك بەكارهێناوە، لەم بارەیەوە جەمیل صلیبا دەڵێت: (گومان بونی بڕیارە لەنێوان دو دژدا كە ئەقڵی مرۆڤ بێ توانایە بەوەی كەیەكێكیان بەسەر ئەویتردا سەربخات بەهۆی بونی یەكسانی لە نێوان دو دژەكەدا یان بونی هیچ یەكسانیەك)،(صلیبا،1982، 705). گومانگری وەک بابەتەكانی دیكەی دەرونی پوخت-لەناكاو دەرناكەوێت، بەڵكو وردەوردە دەخزێتە دەرونەوە، تا ئەو ڕادەیەی خاوەنەكەی هەستی پێناكات چۆن پەیدابوە، بەرەبەرە بەهێز دەبێت تا دەرون تەنگە تاودەكات و دەیخنكێنێ. توێژەران ڕای جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە سەبارەت بەگومان لە لای غەزالی هەردو مامۆستا (كامیل عیاد و جمیل سەلیبە) دەڵێن: یەكەم هەنگاوی گومان لای غەزالی ئەو پەیوەستی هەڵوەشاندنەوەی نەریتگەری بوە. هەروەها دیبور پێیوایە كاتێك غەزالی لە نەیشابورەوە كە خوێندویەتی لە لای ئیمامی حەرەمەین دەشێ لەو ماوەیە گومان دایگرتبێ، .....هتد ڕای توێژەران لەم بارەیەوە جیاوازە، دیارە گومان لای غەزالی لە دو قۆناغ كاریگەری لەسەر هەبوە:

1-قۆناغی یەكەم گومانێكی سوک لەو جۆرەی زۆر لە توێژەران لە لایان دروست دەبێت.

2-قۆناغی دوەم گومان تیایدا توندو پێگەیشتو كە لە لای فەیلەسوف و بیرمەندان دروست دەبێت.

غەزالی سەرەتا گومان لە بۆچونە باوەكان دەكات و بە دوای بەڵگەدا دەگەڕێ، ئەوەی بەڵگەی هەبێت پەسەندی دەكات ئەوانی دیكە وەلا دەنێت، گەر دوڕای بەرامبەری بینی و هەردوكیان خاوەن بەڵگەبون تێكەڵ دەبێت. دواتر بۆی دەردەكەوێت كە خەوشەكە لە بەڵگەدایە، لێرەدا ژێری ئاراستەی بەڵگەكان دەكات، ئاراستەی پێوەرەكانە ڕاستی، هەندێجار دەگات بەو پێوەرەی كە پێی ڕازی بێت، بۆچونەكان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێوەرانە ڕەت دەكاتەوە، هەندێک جاریش گومان لە هەمو پێوەرێک دەكات و هیچ كامیان بەڕاست نازانێت بۆ پێوان. ئەمەیان مەترسیدارترین ئاستی گومانە، كە لە دوایدا غەزالی پێگەیشت، غەزالی لە گەڕان بەدوایی ڕاستیدا بە پشت بەست بە ئەقڵ و هەستەكان و ڕواڵەتی قورئانی پیرۆزو سونەت، كێشە بەناوبانگەكان

ئەمانە پێوەرو تەرازوی ئەم قۆناغە بون، غەزالی هەمویانی تاقیکردەوە و درکی بەبەڵگە دژیەکیەکان کرد، وەک لە کتێبەکەی (جواهر القرئان)دا باسی کردوە لە بارەی کۆمەڵێک دەڵێت: (ڕواڵەتی بەڵگەکانیان لێکدژبونەوە، تاگومڕابون و خەڵکیان گومڕاکرد)و لەبارەی خۆیەوە دەڵێت: (ئێمەش لەوە بەدورنین ماوەیەک کەوتینە دو ئەم گومڕاییانە)(وەسمان،2014،181–184). غەزالی لە کتێبی (منقذ من الضلال)دا دەڵێت: مەعریفەی ڕاستەقینە ئەو مەعریفەیەیە لە ڕیشەوە بابەتە نەزانراوەکە بەتەواوەتی ئاشکرا دەبێت بۆ(ڕۆح) بەشێوازێک نەهیچ گومانێک لەم بارەیەوە دەبێت و نەهیچ هەڵەیەکیش لێڵی دەکات، ئەوە ئاستێکە تێیدا دڵ ناتوانێت گومان قبوڵ بکات یان تەنانەت بیری لێ بکاتەوە،هەرزانینێک نەگاتە ئەم ئاستە لەیەقین ناتەواوەو گومانی هەڵەی لێ دەکرێ.(کۆربین،2018، 223).کەواتە زانینی دڵنیاکەرەوە ئەو جۆرەیە کەوا نەزانراوی تیا دەردەکەوێت بێ ئەوەی هیچ گومانی تێدابمێنێت، گەر زانیم دە لە سێ زیاترە، یەکێک بێت پێم بڵێیت نا سێ زیاترە بە بەڵگەی ئەوەی من گۆچانی دەستم دەکەمە مار، لەبەر چاوی من وابکات ئەوەی دەبێت هیچ گومان لەوە ناکەم کە زانینی من دروستە، تەنیا بە کارەکەی ئەو سەرسام دەبم، بەڵام گومان لە زانینی خۆم ناکەم. دوای ئەمە قۆناغی دوەمی گومان لای غەزالی دەست پێدەکات کە قۆناغی توندو وێرانکردنە، لەم قۆناغەدا غەزالی کە تەنها هەستەکان و ژیری هێشتبوەوە ئەمانیش دەخاتە ژێرگومانەوە غەزالی پێوەری هەست و ئەقڵی خستە بەر ڕۆشنایی گومان بۆ دۆزینەوەی خاڵە بەهێزەکانی بۆ هەڵسەنگاندنیان. غەزالی دەڵێت: (گومانی زۆرم منی گەیاندە ئاستێک باوەڕم بەبەرهەستەکان نەمێنێت ئەو باوەڕە لە کوێوە بێت کە بەهێزترین هەست کە چاوە دەکەوێتە هەڵەوە، کاتێک دەڕوانێتە سێبەرێک ناجوڵێتەوە پاشان بە ئەزمونکردن و تێبینیکردن دوای کاتژمێرێک دەزانیت کە دەجوڵێتەوە، هەست دەکەوێتە هەڵەوە و هۆش بۆی ڕاست دەکاتەوە، و یان دەڕوانێتە هەسارەیەک پێی وایە ئەوەندەی دینارێکە کەچی بەبەڵگەی هەندەسیەوە لە ئەندازەی زەوی گەورەترە). (صلیبا،1934، 71–72) بۆیە غەزالی کەوتە گومانکردن لە بەدەستهێنانی زانین لە ڕێگای هەستەکان، پێیوابو زانین لەڕێگای هەستەکان هیچ دڵنیایەکی تێدا نییە چونکە زۆرجار هەستەکان زانیاری هەڵەمان بۆ دێنن. غەزالی بۆی دەرکەوت ناکرێت هەمو ئومێدێکی خۆمان بۆ زانین و تێگەیشتن ببەستینەوە بە هەستەکانەوە، چونکە هەستەکان جێگای متمانەی تەواو نین و ناکرێت وەک ڕێگەیەک بۆ دڵنیای (یەقین) باوەڕیان پێ بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش پەنا دەباتە بەرئەقڵ. (نەقشبەندی،2002، 93). غەزالی بە ڕەخنەگرتن لە هەستەکان شکستی پێهێنان، بەڵام لەبەرامبەر ئەقڵ هیچی بۆنەکرا یەک هەڵەی لێنەگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگومانی لێکردون، غەزالی دەڵێ: دەشێ ئەزمونگەراکان (ئەوانەی باوەڕیان بەهەست هەیە) بڵێن چۆن دڵنیادەبیت لە توانای ژیری دەشێ وەک هەستەکان لەسەروی ئەوەوە کارایییەک هەبێت. گەر دەرکەوت ئەوا ناڕاستی لە درککردنی ژیر دەردەکەوێت، کەواتە چۆن بۆ ژیر هەستەکانت وەلانا. بۆ

نمونە لە خەودا جیهانی ئەندێشەیی (خەیاڵی) دەبینی و بەڕاستی دەزانێت، بەڵام کە بەئاگادێیت دەزانیت کە ڕاستنییە و ئەندێشەیی بوە، کەواتا ئایا جگە لە هەستەکان و ژیر دەشێ ئامرازێکی تر هەبێت بۆ گەیشتن بە زانینی ڕاستەقینە؟.(وەسمان،2013، 131-132) بەم شێوەیە ئەو ڕێگە تەسکەی گرتەبەر کە بەرەو دڵنیایی و(یەقین)ی دەبرد بۆ ماوەی دەساڵ بەرگی سۆفیانی پۆشی و بەتەنها بە وڵاتانی ئیسلامیدا دەگەڕا، هەمو کاتێک خۆی بۆ ئەنجامدانی کارە ڕۆحییەکان تەرخاندەکرد، کاتێک توانی بەسەر قەیرانەکانیدا زاڵبێت گومانەکانی ڕەواندەوەو گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی، بەم شێوەیە غەزالی یەقینی لە بەڵگەکانی هەست و ئەقڵ دەستنەکەوت، بەڵکو لەژێر چاودێری خودایی، لەڕێگەی پەیوەندی عاریفانەی گەیشتە یەقین. بۆیە غەزالی دەڵێ: (دەرونم گەڕایەوە بارێکی ئاسایی دروست، زەرورەتە ئاوەزە باوەڕ پێکراوەکە گەڕایەوە باری ئاسایی خۆیان، ئەوە بەهۆی ڕێکخراوی بەڵگەکانەو ئاخاوتنەوە نەبو، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو ڕوناکییە (نور)ەوە بو، کە خودا بەمەزنی خۆی خستییە دڵم، ئەو ڕوناکییە کلیلی زۆری زانینەکانە). (غەزالی،1960، 25) مەبەست لەم ڕوناکییە زانینی ناوەوەی مرۆڤە لە ڕێگای (حدس) ئەم حدسەش سەرچاوەی یەکەمی زانینە لە لای غەزالی کە لە سەروی ئەقڵ و هەستەوەیە، لە ڕێگەی حدسەوە لە گومان ڕزگاری دەبێت، ئەمەش ئاماژەیە بە میتۆدی کەشفی سۆفیانە، وەک سەرچاوەی زانینی یەقینی، ئەمەش دۆخێکە لەلایەن سۆفیەکان کە دابڕاون لە هەستەکان و بێئاگایی لە خۆیان ئەمەش لەگەڵ ئەقڵ ناتەبایە. بەم شێوەیە غەزالی تا ئەوپەڕی سنور ڕوبەڕوی کێشەی زانینی یەقینی بۆوە، بەڵام ئایا لە نێو بیرمەندانی موسڵماندا ئەو تاکە کەس بو کە لە زانینی ناوەکیدا بەدوای دڵنیایی بە ئەزمون بەدەستهاتودا بگەڕێت؟ ئەمە بابەتێکی جەوهەرییە لای سوهرە وەردی و ابن سیناو ئەبوبەرەکات کەپێشتر ڕوبەڕوی کێشەی خود-هۆشیاری و ئەنجامەکانی بونەوە. هەروەها خاڵێکی تر بونی دژبێژییە لە فەلسەفەی غەزالی کاتێک دەبینی لەلایەک ئەقڵ ڕەتدەکاتەوە و لەلایەکی تریش پشتی پێ ئەبەستێ ئەمەش ڕۆڵ و کاریگەری ئەقڵ دەردەخات کە (خودا) بە مرۆڤەکانی بەخشیوەو، تاوەکو بەڕێیەوە بەزانین بگەن و غەزالیش نەیتوانیوە هیچ بەڵگەیەک بهێنێتەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەقڵ.

**باسی سێیەم: بەدەست هێنانی زانین لە ڕێگەی حدس-Intuition**

بۆ هاتن- سوسە(حدس) بریتییە لە زانینی ناوەوەی مرۆڤ. حدس هاو واتای دڵ و بینایییە- (بصيرة)، فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان وەک زانینێکی ئاینی دانیان پێداناوە، حدس دەرکردنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بیرکردنەوە لە بابەتێک و کاریگەری هەیە لەسەر کردارە هۆشەکییە جیاوازەکان، ئەگەر کردارەکە هەستی بو(ئەزمونی)بو ناو دەنرێت حدسی هەستی، بەڵام ئەگەر بنەمایەکەی لەسەر بەڵگەنەویست و هەڵهێنجان بو ناو دەنرێت حدسی عەقڵی، بەحدس دەرکی ڕاستیە ئەزمونییەکان و دەرککردنی ڕاستییە عەقڵیەکان دەکەین، ئەمەش لە ڕێگەی تێڕوانینی ڕاستەوخۆ و ئیلهام بۆهاتن دەبێت. هەروەک چۆن لای دێکارت دەیبینین بۆ

گەیشتن بە ڕاستییەک کە پێوستی بە بەڵگە نییەو گومان هەڵناگرێت، بەڵام ئەم چەمکە لەلایەن فەیلەسوف و زانایانی ئیسلام بریتییە لە گواستنەوەی هۆش لە بنەماوە بۆ بەربرسیارییەتی، ئەوەش نزیکبونەوەیە لە ڕێکخراوی و دۆزینەوەو ڕوبەڕو بونەوەی هۆش، و یاخود بە واتای دەرککرنی ڕاستەوخۆ کە پێویستی بە بڕیاردان نییە بۆ ناوەندگیری و ڕێکخستن، و یان هاوواتای زانستی ئامادەبوە لە لای فەیلەسوفە موسوڵمانە هاوچەرخەکان کە پێوستی بە ڕۆڵ نییە لە نێوان زاناو زاندراو وەک حدسی فەلسەفی.(توفیق،2010، 166-167)

زانین لە ڕێگەی حدس بەشداریکردن و ناساندنی وەک زانستی دین بەو مانایەی کە (دینی خوایە- صبحانة و تعالی) بەپێی ڕۆڵەکەی بەچەند ناوێک زانراوە یان وەسف کراوە، وەک زانینی ڕۆناکی دڵ و ڕۆح.(المعرفة اشراقیة) ئەم دەستەواژەیە لە لایەن فەیلەسوفە خۆرهەڵاتیەکان ناونراوە، بە زانینی حدسی ناسراوە لە لای فەیلەسوفە عەقڵانیەکان، کە شرۆڤەی ئەو زانینە جیاوازە لە شرۆڤەی ئیشراقییەکان، وەک لای هنری برگسۆن دەیبینین. واتا زانین لە ڕێگەی حدس لای فەیلەسوفە خۆرهەڵاتییەکان جیاوازە لە لای فەیلەسوفە خۆرئاواییەکان، پێویستی بەو جۆرە زانینە بە شاراوەیی لە بونیادی مرۆڤایەتیدا هەیە. و تەواو کردنی هەست و عەقڵ لە میانەی دەرککردنی بەجۆرە زانینێکی تر نەبەهەست و نە بەعەقڵ بەدەست نایەت، بەڵکو دەرونی مرۆڤ دەرک بەو جۆرە زانینە دەکات ئەویش لەڕێگەی دڵ (پەنابردنە بەر چاوی دڵ و ناخی ناوەوە). و ئەوەش ڕاستییەکە کە عەقڵی تەندروست بڕیاری لەسەر دەدات، و قوتابخانە فەلسەفەیەکان جیاوازن لە گوزارشتکردن و شرۆڤەکردنی ئەو زانینە کە بەشێوەیەکی گشتی لە هەمو کەس بونی هەیە، کە چێژو خۆشی دەبینن لە عەقڵێکی تەندروست کە ئەمەش دەرخەری ئەم جۆرە زانینەیە. ئەمە بەواتای ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی عەقڵ و هەستەکان نییە لە بەدەستهێنانی زانین، بەڵکو توانای گونجاندن و گرتنە خۆو گشتگیریە لە مامەڵە کردن لەگەڵ بنیادی مرۆڤایەتی نەک لەسەر بنەمای عەقڵ و هەست بەتەنیا، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتگیر و گرتنە خۆی هەمو لایەنەکان لە ئیلاهام (بۆهاتن) و وەهەتا وەحی کە سەرچاوەی زانینن بەلایەنی هەست و عەقڵیشەوە (توفیق،2010، 164). کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان پشت بەم جۆرە زانینە دەبەستن ئەمانە گروپێکن لە باڵاترین پلەی کەماڵی مرۆیدان ئەم گروپە بەبێ تێڕوانینی دژواری عەقڵی بەڵکو بە هۆی ئەو ڕوناکییەوە کە خودا خستویەتیە دڵیانەوە حەقیقەتی جیهانی ڕۆحانی دەبینن وەک پەیامبەرو سۆفیگەرەکان (دیبۆر،2013، 179). دەکرێ غەزالی بە یەکێک لە سۆفیگەرەکان دابنرێت دوای ئەوەی کێشەی دڵنیایی فکری بەشێوەیەکی توند خۆی بەسەر هۆشیدا سەپاند، بەشێوەیەک چالاکی ژیانی پیشەیی و خێزانی پەک خست دوای ئەوەی نەیتوانی لە ڕێگای هەستەکان و عەقڵ بە ڕاستی بگات عەقڵ و هەستەکانی خستە ژێر گومانەوە بۆ ئەو مەبەستە ئەو ڕێگە تەسکەی گرتەبەر کە بەرەو دڵنیایی و یەقینی دەبرد بۆ ماوەی دەساڵ

بەرگی سۆفیانی پۆشی و بە وڵاتانی ئیسلامیدا دەگەڕا، بەکارهێنانی ڕێگای حدس بۆ زانین لەلایەن سۆفیەکانی ئیسلام ناسراوە کە پێیان وایە ئەو زانینە زیاتر بەهێزو تۆکمەترە لە زانینی هەستی. جگەلەوە سنوری عەقڵ دیاری کراوەو ناتوانێت ئەو سنورە ببەزێنی، تەنیا لەڕێی زانینی حدسی دەتوانین قوڵبینەوە لە دوای عەقڵ و هەستەکان.(توفیق،119،2010). لەبارەی بەر بەرەکانێکردنی نەفس و دەرون و ئامادەکردنی بۆ گەیشتن بە ڕوناکی وڕاستی ابن سینا دەڵێت: (ئەوەی پشت دەکاتە تویشوی دنیاو خۆشیەکانی ناوی لێدەنرێت خوداپەرست و بەردەوام بو لەسەر پەرستشەکان لەشەو نوێژو ڕۆژو وشتەکانی تر کەتایبەتن بەناوی خودا پەرستەوە،کە بەفیکر دەڕوات بۆ پیرۆزی گەورەیی کە بەردەوام ڕوناکی حەق ڕو لەنهێنییەکانی دەکات ناوی عاریف تایبەت دەبێت پێیەوە)، هەروەها فاڕابیش دەڵێت: (ڕۆحی پیرۆز هیچ لایەن و ئاراستەیەکی خوارەوە سەرقاڵی ناکات کەئاگای لەسەرەوەی نەبێت وهەستی دیاری بێ ئاگایی ناکات لەهەستی نادیار...زانیارییەکان لە ڕۆح وفریشتەکانەوە وەردەگرێت بەبێ فێربون لە خەڵکەوە)، هەروەها غەزالی هەر لەسودوەرگرتنی لە فەیلەسوفانی ئیسلامی و ئەزمونە خودیەکانی بەتایبەتی گومان و سۆفیگەری، دەرکی بە هەرسێ قۆناغی هۆشیاری کردوە، هۆشیاری لەبارەی خودەوە، لەڕێگەی خود هۆشیاری، هۆشیاری و زانینی زانستەکان، لە ڕێگەی پەیوەندی لەنێوان خود و جیهان. هەروەها هۆشیاری سەبارەت بەڕەها بەجۆرێک کە خود لە خودبونی خۆی تێپەڕدەکات و لە جەستەی خۆی وجەستەی جیهانیش دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی هەست بەڕوناکی و نوری ئیلاهی و ڕاستییەکان بکات بە ئەندازەی گەشتنی پەردەی لە بەردەمدا لادەبرێت.(صافی2016، 157-158)

بۆیە غەزالی هەوڵیدا لەڕێگەی حدس کە زانینی ناوەو ڕوناکی دڵەبەیەقین بگات. ئاشکرایە دڵ پێگەیەکی گەورەی هەیە لە هزری ئیسلامیدا لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ). غەزالی بایەخی بەم لایەنە داوە کەواتە دڵ سەرچاوەی زانیین و هۆکارو ناوەندێکە بۆ پێغەمبەرایەتی بەزەوق و چێژو حاڵ و بار کە پەیوەستە بە وەحی، کەواتا دڵ هێمای زانین و چێژە. غەزالی ئاماژە بەوە دەدات مەبەست لە دڵ ئەو ئەندامە نییە لەنێو جەستەدایە، بەڵکو چەشنێکە لەودیو هۆشدا، دڵ کە دەگاتە تەواوی زانین بەختەوەری و خۆشی لێدەڕژێ (وەسمان،2014، 232-233). واتە دڵ دو واتای هەیە لای غەزالی یەکەم: ئەو پارچە گۆشتەیە کە شێوەیەکی سنۆبەری هەیە کە لەلای چەپی سنگە ئەو دڵە هاوبەشە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا، یان ماسولکەیەکی مادییەو خوێن کۆدەکاتەوە و بڵاوی دەکاتەوە بەلاشەدا. بەڵام مانای دوەم: زیرەکی و وریایەکی خودایی و ڕۆحانییە کە لە دڵ دایە و پێیەوە بەستراوە و ئەوە حەقیقەتی مرۆڤە کە دەرکی جیهانی ناسراو چاکی پێ دەکات، ئەو گفتوگۆکارو خۆگرەوەو خۆگرو داواکارە بەو واتاییەی هاومانای ڕۆحە کە زانراوە لەلایەن خوا سبحانە وتعالی (قل روح من امری ربی)، بەواتایەکیتر هاومانای دەرون و عەقڵە.

وەدەردەچێت لە هەست و سۆزە ناوەکییەکانی شاراوەکان لە بەرامبەر دەرکردنە هۆشەکیەکان. واتای دڵ لە تەسەوف جیاوازە لەو دڵەی کە ماددەیە جسمەو خوێن و گۆشتە بەڵکو دڵ دەرکی شتەکان دەکات لەلایەنی ڕوناکی و پاکی زانین و باوەڕ بەڵکو عەقڵ جێبەجێکاری دڵە چونکە دڵ بەو مانایەی لای سۆفییەکان کۆکەرەوەیەکی جێگیرە لە زانینی مرۆڤایەتی، هەستەکان شوێن کەوتەو خزمەتکارن کە دڵ بەکاریاندەهێنێت لە زانین، بە واتایەک لە واتاکان و لایەنێک لە لایەنەکان لە لای هەندێک لە توێژەران ئەقڵ شوێنکەوتەی دڵە لەڕوی زۆری ئەرکەکانی، ئەرکی ئەقڵ زانراوە، بریتییە لە ئەرکی ڕێکخستن لەو پەیوەندیەی کە دڵ خۆگرەو سەرزەنشتکارو داواکارە. ئەقڵ تەنیا گوزارشت کردن نییە لە دیاردەیەک لە دیاردەکان، بەڵکو لە جیهانی دڵیشدا دەخولێتەوەو دەردەکەوێت.(توفیق،2010، 165-166)

قوڵبونەوەی غەزالی لە دنیای ڕۆحی وعیرفانیدا بەمەبەستی چێژ وەرگرتن لەپەرستش وگەڕانەوە بۆدنیای ئەفسونی ڕوحی مانایەک بوە بۆ بەرهەمهێنانی زانینی عیرفانی، یان ڕاستییەک بوە بۆ گەیشتن بە دەروازەکانی دڵنیایی وئارامی دەرون.(شەشۆیی،2016، 241) غەزالی دەستیکرد بە وەرگرتنی مەعریفەی سۆفیگەریکی مام ناوەند لەنێوان زانستی ڕۆشنایی وڕوناکی(المعریفة الاشراقیة)و زانینی ڕۆحی دور لە ئەقڵ لەلای سۆفییە ئیسلامییەکان، ئەمەش غەزالی برد بەرەو زانینی ناوەوەی بنچینەی مرۆڤایەتی کە نورو ڕوناکی دڵە (بصیرە) یان ڕێگەی چاوی ئەقڵ و یەقین کە سیفەتێکی شاراوەو ناوەکییە، کە لە ڕێگەیەوە دەرکی ڕاستی شتەکان دەکات لە سەروی هەموشیانەوە مەعریفەی زانینی(خوا). ئەمەش لە ڕێگەی بەزاندنی سنوری ئەقڵ و خستنە ڕو و ئاوەڵاکردنی ڕاستی بە چاوی دڵ کە لە سەروی ئەقڵەوەیە، ئەمەش لە ڕۆڵی ئەقڵ کەم ناکاتەوە چونکە پشت دەبەسترێت بە ئەقڵ لە بە دەستهێنانی زانین لە چەند ڕێگەیەک لە وانە بیرکردنەوەی ئەقڵی و دەرکێشانی دەرئەنجامی لۆژیکی دوای ئامادەکردنی نەفس بە ڕۆشنبیری وتوانای بەڵگەداری. دوەم: ڕێگای دورکەوتنەوە لە شەهوات وحەزو ئارەزوەکان، نزیکبونەوە لەخوا بە زانستی فراوان و دواتر درەوشانەوە لەسود و کەڵکی.(توفیق،2010، 173-174) هەروەها لە (مشکاە الانوار)دا دەڵێت: (بزانە کە لە دڵی مرۆڤدا چاوێک هەیە کە بریتییە لەسیفەتی کامڵبونی کە جارێک بەئەقڵ و جارێک بەڕۆح وجارێکیش بەدەرونی مرۆڤ ناوزەدەی دەکات).(مستەفا،2016، 144). غەزالی دەڵێ دەرونم دروست بوەوەو ئاسایی بویەوە، ئەمەش لە ڕێگای ڕۆشناییەک کەیەکتای مەزن خستیە سینەمەوە، ئەم ڕۆشناییەش کلیلی زۆربەی زانیارییەکانە. (وەسمان،2014، 189) ئەمەشی کاتێک بەدەستهێنا کە لە تەنیایی و گۆشەگیری دابوە، ئەم ڕاستیەی بۆ دەرکەوت کە بەدوایدا شەیدا بوە، ئەوەی خوازیاری بو دەستی کەوت. غەزالی ڕێگای سۆفیگەری هەڵبژاردوە لەم ڕێگایە زانیاری پێویستی هەڵهێنجا سەرەڕای ئەمەش ئەم هۆش دۆزیە لای

غەزالی ڕۆڵێکی تری گێڕا، ئەویش ڕاڤەکردنی خورپەکانی بو، ئەم گەڕان و لێکۆڵینەوانەی بۆ دۆزینەوەی دەرگایەک بو بۆ ڕزگاربون لە گومان کە ژێر دروستی کردبو.(وەسمان2014، 221-222)

**بەشی دوەم: فەلسەفەی پەروەردە لە دیدی غەزالیدا**

**باسی یەکەم: تێگەی پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە**

**تەوەری یەکەم: چەمکی پەروەردە**

پەروەردە لەزمانی لاتینیدا بەوشەی (educate)دێت. لە سەرەتادا مەبەست لێی پەروەردەی ئاژەڵ و ڕوەک بوە. تاکو قۆناغ بە قۆناغ ئەم وشەیە بۆ واتای پەروەردەکردنی منداڵ بەکارهاتوە (الحجلای، 2009، 18). لە زمانی عەرەبیدا (التربية) کە لە چاوگی (ربي) وەرگیراوە. بەچەند مانایەک هاتوە. لەوانە بەمانای زیادکردن و گەشەکردن یاخود چاکسازی و ڕاهێنان یان بارهێنان هاتوە، کە بە مانای چاکردنی هەڵەش دێت (محەمەد، 2008،29). هەرچەندە وشەی پەروەردە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو چەمک و واتا فراوانەی نیە کە لە زمانی (فەرەنسی)دا هەیەتی. بەڵام بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی لە ئێستادا زمانێکی جیهانیە. وامان پێ باشترە زیاتر لە زمانی ئینگلیزیدا شیکردنەوەی بۆ بکەین. (educe) بەمانای لێدەرهێنان یاخود لێوەرگرتن دێت، ئەمەش دەبێتە (دایک) بۆ لە دایکبونی وشەیەکی بەرفراوان و سەربەخۆ کە پێی دەوترێت (education) بەواتای (پەروەردە) بەکارهاتوە. ئەگەرچی لە ڕاستیدا بەمانای ڕۆشنبیری و هۆش و بەرچاوڕونی دێت (ئالانی2019، 20). لەڕوی ماناوە پەروەردە تێگەیشتنی جیاوازی دروستکردوە ڕەنگە ئەمەش بەهۆی گرنگی ئەو بوارەوە بێت کە ئەم وشەیەی بۆ بەکارهێنراوە. بەڵام ئەوەی بەگشتی لێی تێدەگەین لە ڕوی مامەڵەو زمانی گفتوگۆدا دەردەکەوێت زۆربەی مرۆڤەکان پەروەردە و فێرکردن (التربية و التعليم) بەکاردەهێنن بۆ یەک واتا (الحجلاوی،2009، 19). پەروەردە زاراوەیەکی فراوانە، لەبەر ڕۆشنایی پەروەردەی نوێدا هەمو لایەنەکانی گەشەی تاک دەگرێتەوە، کە فێربونیش (learning) لایەنێکە لەو لایەنانە (مەحمود، 2013، 12).

چەمکی پەروەردە، هەروەکو لە زاراوەکەیەوە تێدەگەین ناتوانرێت پێناسەیەکی وردو تایبەتی بۆ دروست بکەین. چونکە مانا زاراوەییەکەی پەروەردە کە قوڵبونەوەیە لە چەمکی وشەکە. وەکو مانا زمانیەکەی سادە خۆی نادات بەدەستەوە، چونکە مانا زاراوەییەکەی ئەم چەمکە بەدرێژایی شارستانیەتەکان و فەلسەفە جۆراوجۆرەکان هەمیشە گۆڕانی بەسەردا هاتوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، بگرە لە نێو خودی کۆمەڵگەیەکیشدا ئەو گۆڕانە هەست پێدەکەین. هەر بۆیە وەکو چەمک مشتومڕێکی زۆری لێکەوتۆتەوە (محمد، 2008، 3).

ئەمەش ڕەنگە بە هۆی عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە دروست بوبێت لە ڕوانینیان بۆ پەروەردە. لەو نوسراو توێژینەوانەی لەبارەی چەمکی پەروەردە نوسراون. پێناسەیەکی گشتگیرو ورد

نادۆزرێتەوە. چونکە هزرڤانانی ئەو بوارە هەریەکەو لە ڕوانگەی کەسیەوە پێناسەیان بۆ کردوە. هەر بۆیە ئێمەش چەند پێناسەیەکمان هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی پوختەیەک لە ماناو دەلالەتی چەمکی پەروەردە بخەینەڕو لە پێناو بەرچاوڕونی لە توێژینەوەکەمدا.

1. پەروەردە: بریتییە لە کۆمەڵێ چوارچێوەو ڕێگا، کە ڕێگەدەدات بە منداڵ پلەبەپلە لە ڕۆشنبیری نزیکبێتەوە. ئەو ڕۆشنبیریەی مرۆڤ جیادەکاتەوە لە ئاژەڵ (الحجلاوی، 2009، 31).

2. پەروەردە: واتای بەخێوکردن و ئاگاداری و ئاڕاستەکردن و پاراستن و ڕێنومایی کردن و فێرکرن و ڕاهێنان و گونجاندنی کەسێک یان شتێک لەگەڵ ژینگەی جۆراوجۆر و پێکهاتە هەمە چەشنەکانیدا تا دوایین سنوری تەواوکاری کە لە توانادایە (عزیز ئالانی، 2019، 26).

3. پەروەردە: بریتییە لەو کارکردنەی کە مرۆڤ سەرپشک دەکات کە پەرەبدات بە ئامادەگییە جەستەیی و هزریەکەی، وەک چۆن گەشەدەدات بە هەستە کۆمەلایەتی و جوانکاری و ڕەوشتییەکانی لەپێناو بەدیهێنانی ئەرکەکانی وەکو مرۆڤێک (الحجلاوی، 2009، 32).

لە لای فەیلەسوفان پەروەردە جێگەی بایەخ بوە و گرنگی زۆریان پێداوە بۆ نمونە سوکرات یەکەم کەس بوە لە سۆنگەی بایەخپێدان و گرنگی پێدان بە پەروەردە وتویەتی: (خۆت بناسە پێش هەمو شتێک). کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پەروەردە بەلای سوکراتەوە گرێدانە لە نێوان زانین و چاکە (فضیلة).

بەلای پلاتۆنەوە پەروەردە بەشێک بوە لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و پێیوایە ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی یاساوە ماف بەدیبێنین بەڵکو دەتوانین لە ڕێگەی پەروەردەی کۆمەڵگاوە ڕێکخستنێک بۆ چینەکانی بەدیبێت.

ئەرستۆش بایەخپێدانی بۆ پەروەردە هەبوە و پێیوایە پەروەردە بناغەی خێزانە (حەمەد، 2005، 6).

بە دەرکەوتنی شارستانیەتەکانی مرۆڤ، کە حکومەت و دەوڵەت دەرکەوتن بەپێی شێوەی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریان لێک جیاوازبون. بۆیە هەر کۆمەڵێک بیری لەوە دەکردەوە مانەوەی ئەم سیستمی ڕۆشنبیری و شارستانیەتە کە هەیانە، بەندە بە ئامادەکردنی نەوەکانیان و ڕادەی هاوبەشیکردن بەپێی دابونەریت و شێوازی ڕەفتار و بیرکردنەوەیان. لەم پنتەوە پەروەردە وەکو کارێکی مرۆڤی گرنگ بەدیارکەوت کە ئامانجەکەی پێگەیاندنی نەوەکانی کۆمەڵگەیە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی پێیان دەسپێردرێت (محمود،2013، 19).

بونی ڕەهەندی مێژویی یارمەتیدەرێکی باشی کۆمەڵگەیە بۆ بەرەو پێشچونی بواری ڕۆشنبیری و کاری پەروەردەیی، چونکە مرۆڤەکانی هەر سەردەمێک دەتوانن سود لە پێشبینیەکانیان وەربگرن بۆ دانانی نەخشەی کاروباری داهاتویان، هاوکات ئەو گرفت و کێشە جۆراوجۆرانەی ڕوبەڕوی کاری پەروەردەیی ئەوان بۆتەوە، دەکرێت بۆ ئێستا و ئایندە بەسودبن، پەروەردە بەهەمان ڕێچکەی ئەو کێشانە نەڕوات کە

پێشینانمان بە دەستیانەوە گیرۆدەبون. بێگومان پەروەردە لە کۆمەڵگە دانەبڕاوە. ئەم پەروەردەیە هەرچۆنێک بوبێت، ڕاست یا هەڵە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەو پەروەردەیەی ئێستا هەمانە، ڕیشەیەکی مێژویی هەیە (ئالانی،2019، 28).

بە خوێندنەوەی مێژوی پەروەردەدا دەردەکەوێت کە هەر سەردەم و کاتێک مەبەستی پەروەردە بە گوێرەی پێویستی کات و سەردەمەکە گۆڕاوە. لەسەر یەک بازنە نەماوەتەوە. هەڵبەت بەهۆی کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەوە بوە کە لەناو کۆمەڵگاکاندا لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕویانداوە. ئەمەش کارێکی وایکردوە پەروەردە نەچێتە پەراوێزی مێژوەوە بەردەوامی بەخۆی داوەو تا ئێستا هاتوە (هەورامی،2008، 404). بۆ نمونە لە سەدەکانی کۆندا ئامانجی پەروەردەو فێرکردن بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەکان و گونجاندنیان بوە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و گواستنەوەی کەلتوری شارستانیەتەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ڕۆڵی لەمێژینەی پەروەردە و فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانی بەسەردا هات (کۆمەڵێ نوسەر،2005، 28). کاریگەرییەکانی مێژو لەسەر پەروەردە، وایکردوە تەنانەت هەر سەردەمە و ڕوانینێکی تایبەت بە خۆی بۆ پەروەردە دروست کردبێت و کاریگەری لەسەر توێژەران و توێژینەوە و نوسینەکانیان دانابێت، هەر زانایەک یاخود توێژەرێک ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکیان کردبێت دەربارەی پەروەردە، ئەوا بەپێی ئەو سەردەمەو ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا ژیاوە پێناسەی بۆ پەروەردە کردوە، واتە تێگەیشتن لە پەروەردە لەلایەن تاکە کەسەوە لەژێر کاریگەری و پەسەندی ئەو داب و نەریتە دایە کە لەو کۆمەڵگەیەدا هەیە (حەمە، 2005، 5). بۆ نمونە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی سادەو ساکاردا، ژیانێکی ساکاری بردۆتە سەر، خواست و داواکاریشی کەم و سنوردار بوە. ئەوەی لە پرۆسەی پەروەردەی ئەو سەردەم و کۆمەڵگایەدا دیار بوە. تەنها ئەوە بوە کە ڕۆڵەکانیان ڕابهێن و فێریان بکەن کە لاسایی گەورەکانیان بکەنەوە لەو دابونەریتەی هەیان بوە. منداڵ بۆی نەبوە ڕەخنە لە گەورەکانی بگرێت و بپرسێت و یاخی بێت کرۆکی ئەو پەروەردەیە ڕاهێنانێکی پلەدارانەی لاسییکردنەوە بوە (ئالانی،2019، 29). کەواتە پەروەردە لە هەمو سەردەمێکدا گرنگی خۆی هەبوە، و گرنگیەکەی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و تەنانەت لەناو کۆمەڵگاکانیشدا گرنگی پێدانی جیاواز بوە. مانەوەو بەردەوام بونی هەر کۆمەڵگەیەک پشت دەبەستێت بە بەردەوامبونی ژیانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەڕوی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەوە. پەروەردەش ئامرازو بە دیهێنەری ئەم پروسەیەیە. چونکە گەر تاکەکەس بنەماو پێکهێنەری کۆمەڵگا بێت، ئەوا پەروەردە ئەو لە بونەوەرێکی بایۆلۆجیەوە دەگۆڕێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و ئاوێتەی کەلتوری کۆمەڵایەتی دەکات. هەر پەروەردەشە شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵگاو کلتورەکەی دیاریدەکات، ئەمیش لەڕێی چاندنی خو و نەریت و ئاڕاستە جیاوازەکان لە ناخی تاکەکاندا (محەمە، 2008، 405).

کەواتە تێگەیشتنمان بۆ مانا و چەمکی پەروەردە و کاریگەری ڕەهەندی مێژوی لەسەر پەروەردە دەتوانین بڵێین کە پەروەردە کارێکی ڕەوشتییە لە نەریتەکانی دەدوێت بە چاوی پەرەپێدان و قوڵ لێڕوانین. و پەروەردە کاری بیرۆکەیەکە وا لە تاک دەکات کە بە باشی بیر بکاتەوە لە پرسەکانی ژیان و برەودان بەکار و تواناکان (محمود،2013، 24). بەم جۆرە پەوەردە وەکو سیستەم، ڕەنگدانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئەو پەیوەندیانەیە کە لە کۆمەڵگەدا هەن لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە هۆکاری گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایەشە (کۆمەڵێ نوسەر،2005، 39).

کەواتە پەروەردە پرۆسەیەکی هەمەکی و هەندەکییە، تاک و کۆمەڵ لەخۆدەگرێت و دەیانکاتە بابەتی سەرەکی و ئاراستەیان دەکات بەرەو گەشەپێدانی جەستەیی و ژیری و سۆزداری و کۆمەڵایەتی سەرەرای پێکهێنان و دروستکردنی شارەزایی و لێزانی و پێدانی بەهاو خو و نەریت و هەڵسوکەوتی مرۆییانە، بەجۆرێک کە ئەو تاکە بتوانێت پەرە بەم لایەنە بدات و لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی چالاکی پەیوەست بە ژیانەوە گرێبدات لە هەمو ڕوە جیاوازەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، هەروەها بتوانێت گونجاندنێک دروست بکات لەگەڵ هەڵوێستە گۆڕاوەکانی ژیانی ئێستای کۆمەڵگا، لێرەوە تاک دەبێتە وەڵامدەرەوەی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانەی پێیدەدرێت، هەست بە هەڵبژاردنەکانی تاکێتی بە کۆمەڵبون دەکات. ئەو توانایەشی بۆ دەرەخسێت کە بە پێی خواستی داواکارییەکانی کۆمەڵ کاروچالاکییەکانی ئەنجام بدات. بەمەش پەروەردە دەبێتە پێکهێنەرێکی داهێنەرانەی کەسانی بەتوانا و لێهاتو بۆ خودی خۆی و کۆمەڵگەکەی (محەمەد، 2008، 34-35).

بۆ دروستکردنی تێگەیەکی ورد و پوخت دەربارەی پەیوەندی نێوان پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە، سەرەتا پێویستە پێناسەی فەلسەفەی پەروەردە بکەین.

**تەوەری دوەم: فەلسەفەی پەروەردە**

فەلسەفەی پەروەردە: بریتییە لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی دید و میتۆدی فەلسەفیانە لە بواری پەروەردەدا. چونکە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ڕێچکەی پرۆسە پەروەردەییەکان و ڕێکخستن و ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوەیان لە ژێر ڕۆشنایی کێشە و گرفتە ڕۆشنبیرییەکان و ململانێی نێوانیان بەو مەبەستەی پێکەوە گونجان و ڕێکخستنی ناوەکیانەی پەروەردەیی و سەرجەم دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی تر (حمەد، 2008، 110). سەبارەت بە پێناسەی فەلسەفەی پەروەردە ئەتوانین بڵێین: (فەلسەفەی پەروەردە ئەو چالاکییە هزرییە کە فەلسەفە دەکاتە هۆکارێک بۆ ڕێکخستنی کاری پەروەردەیی و هاوگونجاندنی و ڕونکردنەوەی ئەو بەهاو ئامانجەی دەیەوێت بێنەدی لە چوارچێوەیەکی ڕۆشنبیری و هزرێکی دیاریکراودا) (ئالانی، 2019، 279). هەروەها لای جۆن دیوی فەلسەفەی پەروەردە بریتی نییە لە جێبەجێکردنی ئەو هزرانەی لە دەرەوە دێن بەشێوازێکی ئامادەکراو پراکتیزەیان بکەین، بەڵکو لەبنچینەدا ئامانجی جیاوازی هەیە و داڕشتنێکی ڕونە بۆ

کێشەکان، فەلسەفەی پەروەردە نەک تەنها ئامرازێک نییە بەڵکو هاوواتایە لەگەڵ واتای فەلسەفەدا و ڕۆڵی تەواوی فەلسەفەی پێدەدرێت، چونکە پەروەردە ئەرکەکەی بریتییە لە کردەی نوێبونەوەی شارەزاییە گوازراوەکان.(دیوی، 1946، 328)

جون دیوی جەخت لەسەر ئاڵوگۆڕ کردنی پەیوەندیەکانی فەلسەفە و پەروەردە دەکاتەوە، چونکە گەر فەلسەفە ڕێنیشاندەری کاری پەروەردەییانە و هۆکاری گۆڕانی بێت، ئەوا پەروەردە ئەو فەلسەفەیە تاقیدەکاتەوە کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی گرفتەکانی، هەر بۆیە هربرت سبنسەر دەڵێت: (پەروەردەی ڕاستەقینە لە ڕێگەی فەلسەفەیەکی ڕاستەقینەوە نەبێت نابێتەوە پرۆسەیەک). (محەمەد، 2008، 109-111). هەروەها کانت پێیوایە مرۆڤ تەنها بەهۆی پەروەردەوە دەبێت بە مرۆڤێکی ڕاستەقینە، مرۆڤ ئەوەیە کە پەروەردە دروستی دەکات، ئامانجی پەروەردەش پەروەردەی کەسێتییە پەروەردەی بونەوەرێکە کە ئازادانە ڕەفتار دەکات، و پارێزڤانی لە قەوارەی خۆی دەکات.(بەدەوی،2021، 209) کەواتە لێرەدا ڕاستەوخۆ هەست بە پەیوەندیەکی پتەو دەکەین لە نێوان فەلسەفە لە لایەک و پەروەردە لە لایەکی تر. بەو جۆرە لە چەمکی فەلسەفەی پەروەردەدا ئاوێتە بونێک ئەبێت بۆ ئەنجامدانی کارێک لە نێوان فەلسەفەو پرۆسەی پەروەردەدا.

لێرەدا دەردەکەوێت پەروەردە پشت دەبەستێت بە بنەما فەلسەفیەکان، لە ڕێگەی چارەسەرکردنی تاک لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدایەتی، پێویستە کارو پلانەکانی لەسەر تێگەیشتنێکی ڕون و ئاشکرا بنیادنرابێت دەربارەی سروشتی تاک و سروشتی کۆمەڵگە و سروشتی ئەو نەریتانەی کە هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان دەدات و سروشتی ئەو سیستەمە سیاسی و ئابورییەی کە ئەم جۆرە نەریتانە دەهێنێتە دی و ئەو جۆرە هاونیشتیمانیانەی کە پێویستە ئەم نەریتانە لە شێوازی ڕەفتاریندا ڕەنگبداتەوە (محمود، 2013، 25).

فەلسەفە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ئاراستەکردنی سیستەمی پەروەردەییدا، ئەگەر باری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کارتێکەرە مێژوییەکان کار لە پەروەردە بکەن ئەوا پێویستە داڕشتنی لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەی ئەم بار و کارتێکەرانەدا بێت. لەبەرئەوەی ئەرکی فەلسەفەو هزری فەلسەفی شیکردنەوەی ئەم ڕەوشە و ڕەخنەگرتنە لێیان بۆ ئەوەی هەڵبژاردن و دەستنیشان کردنەکە لەسەر بنچینەیەکی زانستی بێت بۆ ڕوبەروبونەوەی ناهاوتایی نێوان ئاڕاستە ناکۆکەکان و هێزە جیاوازەکان. ئەمە وادەکات پەروەردە پەیوەندیەکی توندو تۆڵی هەبێت بە ئەرکەکانی فەلسەفەو ڕێبازەکانیەوە (محمود، 2013، 25).

فەلسەفە و پەروەردە بە جۆرێک ئاوێتە بون. کە ناتوانین هەروا بە ئاسانی لە یەکتریان جیا بکەینەوە، چونکە هەردولایان لە پنتێکی هاوبەشی زۆر گرنگدا یەکتر دەگرنەوە ئەویش (شارەزایی مرۆیی)یە بە هەمو

جۆرەکانیەوە بۆ نەوەکانیتریش، هاوکات (فەلسەفە) کاری شیکردنەوەو ڕەخنەلێگرتن لەو شارەزاییە مرۆییە بە ئاکام دەگەیەنێت تا دەگەیەنێتە باری شیاندن (ئالانی، 2019، 311).

فەلسەفەی پەروەردە بە حوکمی ئەوەی لقێکی فەلسەفەیە و کاردەکات لە پرۆسەی پەروەردەدا. کەواتە ئەرکی فەلسەفە بە گشتی لەناو کایەی پەروەردەدا دەردەکەوێت و ماهیەتی خۆی لەوێدا دەدۆزێتەوە. لە لایەکیترەوە فەلسەفەی پەروەردە هەوڵی بنیادنانی ئەو تیۆریانە ئەدات کە دەرخەری بۆچونی کۆمەڵگان سەبارەت بە سروشتی مرۆڤەکان، تایبەتمەندیەکانی هاووڵاتی بون، جۆری کۆمەڵگەکە، جیهان، سروشتی ئەو ژیانەی کە پەروەردە دەیرەخسێنێت. لە ڕێگەی فەلسەفەیەکی گشتیەوە هەڵدەستێت بە ئەنجامگیری ئەم تیۆریانە بە تێڕوانینێکی ورد بینانە کە بە هۆیەوە ڕوداوە جۆربەجۆرەکان و ڕاستییە دژبەیەکەکان لێکدەداتەوە و ڕێکیان دەخات. هەروەها هەڵدەستێت بە گرێدانەوەی بابەتە جیاوازەکان لە چوارچێوەی ئەزمونە مرۆییەکان. سەرەڕای کارکردن لەسەر ڕێکخستنی ئامانج و داواکاری و دیاردەکان لە سیستمێکی ڕێکخراودا، پەیوەندی نێوان بنەما پەروەردەییەکان و بواری پسپۆڕی پەیوەندیدار بەرجەستە دەکات (محەمەد، 2008، 115-116).

**باسی دوەم: تێگەی فەلسەفەی پەروەردە لە هزری ئیسلامیدا**

هەر ئاین و فەلسەفە و بیروباوەڕێک تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ پەروەردە هەیە. ئایینی ئیسلامیش گرنگیەکی تەواوی بە پەروەردە داوە. دەتوانین بڵێین پەروەردە لە ئیسلامدا هزرێکە بۆ پراکتیزەکردن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانی کەسانی باوەڕدار (محەمەد، 2008، 174).

وە یەکەم ئایەت و یەکەم وشە کە لە خوای گەوەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ) دادەبەزێت فەرمانکردنە پێی کە بخوێنێتەوە. هەروەها لە ئایەتێکدا لە سورەتی (البقرة) دا خودای گەورە ئەڵێ (و علم ادم السماء كلها ثم عرضهم على الملائكه). هەروەها لە ئایەتێکی تردا کە ئەفەرموێ (كما ارسلنا فيكم رسولا تيلو عليكم اياتنا و يزكيكم و يعلمكم ، كتاب والحكمة ويعلمكم مالم تكونوا تعلمون) (البقرة، 151).

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیە مێژوییەیە کە ئیسلام لە بنەڕەتەوە گرنگی بەبابەتی فێرکردن و پەروەردە داوە. فێربونی بە مافێکی گشتی داناوە بۆ مرۆڤایەتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی (کەلتوری، کۆمەڵایەتی و ئابوری) یان مزگەوتەکان کە شوێنی خوا پەرستین لە ئیسلامدا، هەمیشە شوێنی فێربون و فێرکردن بون(کۆمەڵێ نوسەر، 2005، 117).

کۆمەڵێ کارو فەرمان هەیە کە دینی ئیسلام دەیکاتە ئەرک لەسەر موسڵمان بە پەروەردە ئەژمار دەکرێن وەکو نوێژ و ڕۆژو گرتن، ئەمە جگە لە جێبەجێ کردنی بەڵێن و ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی. کەواتا

پەروەردەی ئیسلامی کاردەکات لە پێناو گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆڤی موسڵمان لە هەمو لایەکانەوە. تاوەکو ژیانێکی ئارام و خۆش بژین لە دونیای کۆتاییدا (مجموعه مولفون، 2014، 26)

ئاینی ئیسلام بە شێوەی میتۆدێکی گشتگیر، هەوڵ دەدات بەختەوەری بۆ ژیانی مۆڤایەتی فەراهەم بکات. کە (خودا) لە ئێستاو ڕۆژی دواییدا داپڕشتوە. سیستەمی پەروەردەی ئیسلام چوارچێوەیەکی گشتی سروشتی ئایینی ئیسلامی خستۆتە ڕو، بەهۆیانەوە هەمو کۆمەڵگە بە ڕوە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئاکاریەوە لە خۆدەگرێت، سەرەڕای شێوازی مامەڵەکردن (محەمەد، 2008، 171).

وەک بەڵگەیەک لەسەر گشتگیری سیستەمی پەروەردەی ئیسلامی ئەبێ باس لەوە بکەین هاندانی سورەتی یەکەم لە قورئانی پیرۆزدا بۆ ئەوەی مرۆڤ بخوێنێت و بخوێنێتەوە کە مەبەست لێی خۆڕۆشنبیرکردنە، دەرخەری بایەخپێدانێتی بەلایەنی پەروەردەیی جەستەو دەرون و ژیری مرۆڤە و هاندانی بۆ ڕاستگۆیی و ئەمانەت پارێزی بەڵگەیە بۆ پەروەردە کردن لەسەر ڕەوشت بەرزی و ڕەفتارجوانی و دادپەروەری ڕێزگرتن. جگەلەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە ڕێز لە ئایینی جیاوازو بیروباوەڕی جیاواز بگریرێت (ئالانی، 2019، 60).

ڕاستە پێغەمبەر (د.خ) خۆی پەروەردکارێکی سەرمەشق دادەنێت بۆ پراکتیزەکردن و گەیاندنی پەیامەکەی، بەڵام لە سەردەمی ئومەویەکاندا پەروەردەی ئیسلامی بەرەو ئەکادیمی بون هەنگاو دەنێت و لە ماوەی سالانی (750 ـ 1150) زایینی بە تەواوی بالا دەکات. ئەتوانین بە چاخی زێڕینی پەروەردەی ئیسلامی ناوزەدی بکەین. چونکە لەو سەردەمەدا گەلێک خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆ دانران، جۆرەها وانەی تێدا دەخوێنرا، لە زۆربەی وڵاتانەوە ئارەزومەندانی خوێندن و زانست و زانیاری ڕویان لەم خوێندنگە و زانکۆیانە دەکرد، لەو سەردەمەدا خوێندن دابەشکرابو بۆ سێ قۆناغ ئەوانیش:

قۆناغی یەکەم: خوێندکاران لەم قۆناغەدا تەمەنیان لە نێوان (14ـ 16) ساڵیدا بو. ئەم قۆناغە لە ئاست قۆناغی سەرەتایی ئێستادا بوە.

قۆناغی دوەم: لەم قۆناغەدا منالەکان لە نێوان (18ـ14) ساڵیدان و لەم قۆناغەدا پێویستە خوێندکارەکە هەمو قورئانی لەبەربێت. ئەم قۆناغە لە شێوەی قۆناغی ئامادەییدایە.

قۆناغی سێیەم: ئەم قۆناغە دوای ئەوە هات، ئەو خوێندکارانەی قورئانیان لەبەرئەکرد دێنە ئەم قۆناغە (عزیز ئالانی، 2019، 61).

پەروەردەی ئیسلامی ئامانجی ئەوەیە کە مرۆڤی موسوڵمان ئامادە بکات بەو جۆرەی هەمو لایەنەکانی ژیانی بگرێتەوەو کەسێکی لێدەربچێت کە ئامادە بێت بۆ بەدەستهێنانی هەردو دونیا (ژیان و قیامەت). ئەمەش مانای ئەوەیە ئامانجی هەرە باڵای پەروەردەی ئیسلامی گەیشتنە بە پلەی کەماڵ، ئەم پلەو قۆناغەش واتە تەواو بێخەوش و کەموکورتی مرۆیانە (محەمەد، 2008، 177). ئەمەش تەنها بەوە بەدیدێت کە ملکەچی و

بەندایەتی تەواو بۆ خودا بکەیت و ڕەزامەندی ئەو بەدەست بهێنیت. فەلسەفەو ڕێبازی هەر ئاینێک کاریگەری هەیە لەسەر دروست کردنی فەلسەفەی پەروەردەیی بۆ هۆگرانی ئایینەکە. فەلسەفەی گشتی ئیسلامی بەهەمان شێوە شوێنپەنجەی دیارە لە دروستکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی بۆ موسڵمانان و دواتر بۆ هەمو جیهان. فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامیش وەستاوەتە سەر چەند پایەیەک، کە بریتین لە گەورەیی و سەرداری مرۆڤ بەسەر دروستکراوەکانی تر. هەروەها پەروەردە کارێکی گشتگیرە و ئەرکی سەرشانی هەمو تاکێکە لە ناو کۆمەڵدا. پەروەردەو فێربون مافێکی سروشتی هەمو تاکێکە بەبێ لێکدانەوەی ڕەگەزی و ڕەنگی و کۆمەڵایەتی و پلەو پایە و هیچ کەسێک لە کەسێکی تر باشترنییە مەگەر بە بڕواداری و کارە چاکەکانی (ئالانی، 2019، 258).

هیچ ڕێباز و فەلسەفەیەک نیە کاریگەری دەوروبەری لەسەر نەبێت، هەر نەبێت لە بواری پراکتیکیدا تیۆری پەروەردەییانە لە ئیسلامدا مانای ئەو ڕوخسارە پەروەردەییە ئەگەیەنێت کە لای چەند هزرڤانێکی ئیسلامی هەیە. بە واتایەکی تر بونیادی هزریانەی پەروەردەی ئیسلامی کە لە ئاینی ئیسلامەوە وەرگیراون و داڕێژراونەتەوە، ئاوێتە و تێکەڵ کراون بە کاریگەرێتی شارستانی و فەلسەفەکانی تر. بە نمونە، ڕێبازی فەلسەفی قوتابخانە عەقڵیەکانی نێو ئایینی ئیسلام کە لە تێکەڵ کردن و ئاوێتەکردنی نێوان دانایی و شەریعەت دروست بونە. هەروەها قوتابخانەی سۆفیگەری کە سەرتاپا لە جیهانی ڕۆحیدا نقوم بوە. ئەمە جگە لە سود وەرگرتن لە ڕێبازی قوتابخانە زانستییەکانی نێو ئیسلام کە گرنگیان بە کێشەکانی ژیان و پێداویستیەکانی ئەم ژیانە دەدا (محەمەد، 2008، 172).

هەر سیستەمێکی پەروەردەیی، خەسڵەت و جیاکەرەوەی تایبەت بە خۆی هەیە. سەرەڕای کاریگەربونی بە سیستەمە پەروەردەییەکانی تر. ئەو خەسڵەت و نیشانە جیاکەرەوانەشی لە فەلسەفەکەی خۆیەوە وەرگرتوەو لە فەلسەفەی پەروەردەییەکانی تری جیادەکاتەوە، کە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەکەی خۆیەتی بە گشتی. بە نمونە پەروەردەی ئیسلامی خەسڵەتەکانی لە خەسڵەتە گشتیەکانی ناو فەلسەفەی ئیسلام و بنەماکان و شەریعەت و ئامانجە باڵاکانی ئەو ئاینەوە وەرگرتوە (مجموعة المؤلف، 2014، 172). واتا ئەو خەسڵەتانە وەکو کۆی سیستەمی پەروەردەی ئیسلامی کە بناغەو ئامانجەکانی خۆی لە دیدێکی ئیسلامیانەوە وەرگرتوە. کە هەڵقوڵاوی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی (محەمەد، 2008، 172). لەو خەسڵەتە جیاکەرەوانەش کە لە پەروەردەی ئیسلامیدا هەست پێدەکەین ئەوەیە کە پەروەردەیەکی خوداییە (التربية الربانية): ئەمەش واتای ئەوەیە کە پشت ئەبەستێت بە کتێبی خودا (قورئان) و سوننەتی پێغەمبەر محمد (د.خ). واتا ئەم پەروەردەیە ئەوەستێتە سەر بنچینە باوەڕیەکانی و بەندایەتی بۆ خودا و بنەما تەشریعی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان کە دینی ئیسلام داوای دەکات (مجموعة المؤلف، 2014، 202). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامی ئامانجی پێگەیاندنی مرۆڤگەلێکی موسڵمانی باوەڕدارە هەربۆیە دەبینین

زانستە ئاینیەکان گرنگترین پێکهێنەرەکانی پرۆگرامی خوێندن پێکدێنن لەم فەلسەفەیەدا، تەوەری سەرەکی پەروەردە فێرکردن بون بە درێژایی شارستانیەتی ئیسلامی (محەمەد، 2008، 181).

یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامی ئەوەیە پەروەردەیەکی هاوسەنگە و لە پرۆسەی فێرکردندا ئاستی ناوەڕاست وەردەگرێت. ئەمەش واتای ئەوەیە لە پەروەردەدا ئەرکێک ناخاتە ئەستۆی پەروەردەکراو و فێرکراو کە لە توانایدا نەبێت. لە هەڵبژاردندا جێگرەوەی داناوە. تا ئەگەر ئەرکێکی نەتوانی جێگرەوەکەی هەڵبژێرێت. بەڵام بەو مەرجە لە سنوری پێوەرە شەرعیەکانی ئایینی ئیسلام دەرنەچێت (الحجلاوی، 2009، 202). بەڵگەش لەسەر ئەم خەسڵەتە ئەتوانین یەکێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە نمونە وەربگرین، کە دەڵێ (لا یکلف الله نفسا الا وسعها) البقرة{386}. یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی پەروەردەی ئیسلامی بریتییە لە کرداری بونی پەروەردە چونکە پەروەردەی ئیسلامی نرخێک بۆ تیۆری نابینێت لە بڕوابوندا، ئەگەر کرداری لەگەڵ نەبێت. هەروەکو خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێت (یا ایها الذین امنوا لم تقولون مالا تفعلون) واتە باوان یان پەروەردەکار لە کاتی پەروەردەکردن و ئامۆژگاریدا پێویستە گوفتار و کرداریان یەک بێت. نابێت ئەوەی دەیڵێین جیاواز بێت لەوەی ئەنجامی دەدەن. چەندین خەسڵەتی تریش هەیە کە فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامی پێدەناسرێتەوە، لەوانە: ڕەسەنایەتی پەروەردەی ئیسلامی و پەروەردەی تاک و کۆمەڵ لە یەک کاتدا و پەروەردەی ویژدانی تاکی موسڵمان (مجموعة المؤلفین، 2014، 203).

لە ڕاستیدا فەلسەفەی هەر ئاینێک کاریگەری هەیە لەسەر دروست کردنی فەلسەفەی پەروەردەیی بۆ هەڵگرانی ئەو ئایینە. فەلسەفەی گشتی ئیسلامیش بەهەمان شێوە شوێنپەنجەی دیارە لە دروستکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی بۆ موسڵمان و دواتر بۆ جیهان بە گشتی(ئالانی، 2019، 358). بکەین لە گەشەپێدانی مەعریفەی دینی لای فێرخواز و ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان و دژایەتی بیرە وێرانکار و خراپەکان (مجموعة المؤلفین ، 2014، 204).

**باسی سێیەم: پەروەردە لە دیدی غەزالیدا**

نامەو پەیامی ئیسلامی بە گشتی لە ڕوانینێکی پەروەردەیی گشتگیر بۆ کۆمەڵگەی پڕ کەموکوڕی بۆ دوبارە پەروەردەکردنەوەی هاتوە و بۆ ئەم مەبەستەشی ئیسلام هات ڕەتکردنەوەیەکی بێ سازشی پێشکەش کرد بۆ چەرخی نەزانی (جاهلی) (رضا، 1989، 9).

نمونەی پەروەردەی ئیسلامی لە چەمکی باوەڕدار (المؤمین)دا دەردەکەوێت کە پەروەردەی ئیسلامی مەبەستی ئامادەکردنی باوەڕداران (المؤمین) ئەوانەی توێژێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن بۆ شارستانی ئیسلامی. باوەڕدار ئەوەیە باوەڕی هێنابێت بە (الغیب) واتە خودا و سروشت و ڕۆژی دوایی و پاداشت و سزا (رضا، 1989، 20).

بۆچونی غەزالی لە بارەی پەروەردەوە، پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە بە بۆچونە فەلسەفییەکەی بە گشتی. بەتایبەت باوەڕی بەچاکەی تەسەوف و زوهدەوە ، ڕای وابو کە ئامانجی پەروەردە بریتییە لە نزیک بونەوە لە خوداو ئامادە سازی بۆ ژیانی دوایی و پەروەردەی قەتیس کردوە بە بەدیهێنانی ئەو مەبەستەوە. لەبەر ئەوەش داوا دەکات کە پەروەردەی لاوان پەروەردەیەکی دینی بێت و دوریان بخاتەوە لە چێژی دنیا (ابغوری، 1964، 29). ئیمام غەزالی چەندین کتێبی لە بواری پەروەردەدا نوسیوە، لەوانە (احیاء علوم الدین). کە ئینسکلوپیدیایەکی پەروەردەیی بو. لەمیانەیدا هەوڵیدا بۆ نوێکردنەوەی ویژدان و ڕەفتاری موسڵمان لەو سەردەمەدا. هەروەها یەکێکی تر لە کتێبەکانی (ایها الولد) بو کە دەستورێکی پەروەردەیی بو، تیایدا چۆنیەتی پەروەردەکردنی خستبوە ڕو (فرحان، 1989، 213).

چەمکی پەروەردە لای غەزالی دیاریکراوە بەوەی کە بریتییە لە فێرکردن و پاڵفتەکردنی دەرونی خەڵک لە ڕەوشتی چەوت و بەلاڕێدا ڕۆیشتو و ئامۆژگاریکردنی و ڕێنیشاندانی بۆ ڕەوشت بەرزی و ڕەوشت جوانی (فرحان، 1989، 213). کەواتە پەروەردە بریتییە لە پاککردنەوە، پاککردنەوەش بریتییە لە گۆڕانکاری لە کردار وەک ئەوەی کە لە دونیا ی گیانەوەراندا ڕودەدات کاتێک (لە وەحشیەتەوە دەگۆڕیت بۆ ماڵی بون. بۆ نمونە ئەسپ لە سەرکەشیەوە بۆ دەستە مۆبون. پەروەردە لەلای غەزالی لایەنێکی ئەرێنی هەیە، چونکە هۆکاری وەدیهاتنی کامڵبونی گونجاوە، لەبەر ئەوەی کە هەوڵدان و تێکۆشان لە دژی دەرون و هەوڵدان بە کردەوەی چاک و کامڵکردنی دەرون و پاککردنەوەی بۆ پاکبونی ڕەوشت و ئەخلاق، ئەو تێکۆشان و هەوڵدانە هەمان خودی پەروەردەیە. (هەروەک چۆن جەستە لە سەرەتاوە کامڵ نییە دواتر بە گەشەو پەروەردە بە خۆراک کامڵ دەبێت، دەرونیش بە هەمان شێوە بە ناتەواوی دەخوڵقێنرێت دواتر بە پاککردنەوەی ئەخلاق و خۆراک پێدانی زانست کامڵ دەبێت (سافی، 2016، 248). بە هاتنەدی پاککردنەوە دەبێت پەروەردەکار و ڕاهێنەریش هەبێت کە پێویستە زانا بێت و بە باشی ڕاهێنان بە دەرونی بکات و ڕەوشتە جوانەکان بکاتە خوی خۆی. ئەگەر بێتو پەروەردەکار خوی خراپی تێدا بێت بەهۆی ئەو نەریتانەی لەسەری ڕاهاتوە ئەو کاتە پەروەردەکە دروست نابێت (سافی، 2016، 249). بەڵام ئەگەر پەروەردەکە لەسەرەتای منداڵیەوە بێت چونکە غەزالی بەهەمان شێوەی ئەرستۆ وای بۆ چوە کە مناڵ لەدایک دەبێت (لاپەڕەیەکی سپیە) ئامۆژگارییە پەروەردەییەکان بەشێوەی کەم کاری لەسەر دەبێت. بەڵام مامۆستا یان ڕاهێنەری باش دەتوانێت بونیادی منداڵ هەڵکۆڵێت و وای لێبکات هەمو وێنەو نەخش و نیگارێک وەربگرێت کە لەسەری بکێشرێت (سافی، 2016، 249). چونکە لاوان ئامانەتن لای باوانیان، دڵیان پاک و بێگەردە و هیچ وێنە و نەخشێکی لەسەر نیە. واتا دەبێت لە سەرەتادا چاودێری بکرێن (ابغوری، 1964، 33). بۆ نمونە ئەگەر لەسەر خێر دابهێنرێت ئەوا بە هۆیەوە لە دونیاو قیامەتدا بەختەوەر دەبێت. دایک و باوک و مامۆستاو ڕاهێنەریش لە چاکەکانیدا بەشدار دەبن، بەڵام ئەگەر لەسەر شەڕو خراپە ڕاهات تاوانی کارو کردەوە ناپەسندەکانی دەکەوێتە سەرشانی سەرپەرشت و بەخێوکەرەکانی (سافی، 2016، 249). ئەم هەڵوێستە بەڵگەیە لەسەر شێوازێکی

ئەزمونی غەزالی لە تێڕوانینە پەروەردەیی و فەلسەفیەکەیدا بەشێوەیەکی گشتی ڕەچاوی کردوە (سافی، 2016، 249). هەروەها لە کتێبە پەروەردەییەکانیدا تێبینی بەنرخ هاتوە کە دەلالەتی ورد دەکات لە دەرونی منالّ وەکو ڕەچاوکردنی هۆشی قوتابی مامەڵەی نەرم و ڕێگەپێدانی بەیاریکردن دوای وانەکان (ابغوری، 1964، 29).

کەواتە ئامانجی پەروەردە لای غەزالی بریتییە لە سێ قۆناغ، لە یەکەم قۆناغدا ئامانج لە پەروەردە نزیک کردنەوەی مرۆڤە لە خودای گەورە. دوەم ئامانج لە پەروەردە گەشەپێدانی کەسایەتی و مرۆیی تاکی موسڵمانە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی (فرحان، 1989، 213). ئامانجی سێیەم کە غەزالی هەولّی بۆ ئەدا لە هەمو بیروبۆچونەکانیدا دەیویست کە فێرخواز فێربێت لە قوتابخانەی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە (د.خ) فێربێت (فرحان، 1989، 214). کەواتە پێویستە پەروەردە ئەم ئامانجانە بەدیبهێنێت لە ڕێگەی جێبەجێکردن بە کردار و قۆناغ بە قۆناغ لە دەرونی منداڵدا هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، ئەم کردارە پەروەردەییە سەرکەوتو دەبێت ئەگەر پەیوەندیەکی بەهێزی تایبەت هەبێت لە نێوان فێرخواز و مامۆستاکەیدا. ئەم پەیوەندیە فەرمانڕەوایی دەکات بەسەر سروشتی ئەرکەکانی فێرخوازەوە لەلایەک سروشتی ئەرکەکانی مامۆستا لە لایەکی ترەوە (سافی، 2016، 250). قسەکردنی غەزالی لەسەر پەروەردە چڕدەبۆوە لە دەرخستنی چاکەی زانین بەسەر نەزانیدا، پۆلێنکردنی زانستەکان و هەڵسوکەوتی چاوڕوانکراو لە (فێرکراو ـ المتعلم) و (فێرکار ـ المعلم) (رضا، 1989، 46).

هەروەها غەزالی پرۆگرامێک بۆ فێرکردنی (قوتابی) دادەنێت کە بەم شێوەیەیە:

1 ـ بە فێرکردنی قورئان دەست پێدەکات.

2 ـ فێرکردنی سونەتی پێغەمبەر.

3 ـ کارکردن بە لقەکانی مەزهەبێک بۆ ئەوەی کاری قوتابی لەگەڵ زانستەکە بێتەوە.

4 ـ وەرگرتنی بنچینەکانی فیهقی ئیسلامی (رضا، 1989، 216).

بەڕای غەزالی ئەیویست فێرخواز ببێتە پێشەنگ، و داوا ئەکات لە فێرخواز کە (اعتماد) و (فعل) و (ترک) ڕێبەری بن لە ژیانیدا، جەخت دەکاتەوە کە فێرخواز بڕوای بە کارکردن بە زانست هەبێت لەبەر ئەوەی هۆکاری بەختەوەرییە (فرحان، 1989، 214).

هەروەها غەزالی داوا دەکات چەند خەسڵەتێک لە کەسایەتی فێرخوازی پێشەنگدا هەبێت.

1 ـ دەبێت دەرونی پاکی بخاتە پێش ڕەوشتە پەستەکانەوە، چونکە زانست پەرستنی دڵ و نوێژی نهێنی و نزیکی ناخە لە خودای گەورەوە (کەواتە زانست هاوڕێی چاکەکارییە و نەزانیش هاوڕێی پەستیە) (سافی، 2016، 251).

2 ـ ئەبێت زاهید بێت و پەیوەندی و سەرقاڵی بە دونیا کەم بکاتەوە، لەماڵ و منداڵ و نیشتمان دوربکەوێتەوە، بۆ ئەوەی هزری مرۆڤ پەرتەوازە نەبێت تەنها دەبێت کار لەسەر هەستکردن بە هەقیقەتەکان بکرێت.

3 ـ ئەبێت خۆ بەکەمگربێت و خۆی بە گەورە نەزانێت واتا نابێت خۆی لە زانست و ئەهلی عیلم بە گەورەتر بزانێت و پلانگیری لە دژی مامۆستاکەی نەکات. بە جوانی گوێ بۆ ئامۆژگاری مامۆستاکەی بکرێت هەروەک چۆن نەخۆشێک گوێ بۆ پزیشکێک دەگرێت (رضا، 1989، 214).

4 ـ ڕۆچو لە زانستە تیۆرییەکاندا سەرەتا نابێت گوێ بگرێت بۆ ئەو جیاوازیەی کە لە نێوانی گروپەکاندا هەیە، بەڵکو دەبێت پێشتر بنەماکان بەباشی بزانێت و دواتر سەرقاڵی شتانی مانا ئاڵۆزبێت و بەدواداچونیان بۆ بکات.

5 ـ نابێت فێرخواز خۆی لە فێربونی هیچ زانستێکی باش بەدور بگرێت، بەڵکو دەبێت بەلایەنی کەمەوە تێروانینی تێدا بکات و ئاگاداری ئامانج و مەبەستەکانی ببێتەوە و دواتر دەستبکات بە ڕۆچون و قوڵبونەوە تێیدا (سافی، 2016، 252).

6 ـ فێربون دەبێت بە ڕیزبەندی و یەک لە دوای یەک بێت، نابێت بە یەکجار بیەوێت بە قوڵی لە هەمو هونەرە زانیستیەکان ڕۆبچێت. هەوڵیش نەدات لە زانستێکی دیکە شارەزا بێت تا ئەوەی لە پێشەوە دەستی پێکردوە مافی تەواوی خۆی پێنەدات (غەزالی، 2016، 383).

7 ـ دەبێت لە زانستەکان باشترینەکەی هەڵبژێرێت کە بریتییە لەو زانستەی کە بەختەوەری بۆ مرۆڤ دەهێنێت.

8 ـ دەبێت فێرخواز ئەو هۆکارەش بزانێت کە مەزنی و گەورەی ئەو زانستەی پێی دەردەکەوێت، وەکو زانستی ئایین و زانستی تەندروستی، کە بەرهەمی یەکێکیان ژیانی هەتاهەتاییە، بەرهەمی ئەویتر ئەم ژیانەیە کە بە کۆتا دێت، کەواتە عیلمی دین مەزن و پیرۆزترە (غەزالی، 2016، 385).

9 ـ دەبێت هونەری زانستە باشەکان وەربگرێت، واتە بەپێی گرنگی هونەرەکان. هەروەها دەبێت هەمو زانستەکان بە شێوەیەکی گشتی بزانێت چونکە زانستەکان دابەشدەبن بۆ ڕوکار و ناوەڕۆک (رضا، 1989، 215).

10 ـ دەبێت مەبەستی فێرخواز کامڵبونی دەرونی بێت، واتە ڕازاندنەوە و پاککردنەوەی دەرونی بێت و جوانکردنی بە چاکە و ڕەوشتە پەسەندەکان، لە داهاتوشدا نزیکبونەوە بێت لە خودا، نابێت مەبەستی دەستخستنی شکۆمەندی و ماڵ و سامان و دەسەلات بێت (غەزالی، 2016، 386).

ئەم ئەرکە تایبەتانەی فێرخواز لە ڕوی بابەت و ئامانجەوە لە فەرمودەیەکی پێغەمبەر کورتیاندەکاتەوە کە غەزالی لە کتێبی (ایها الولد)دا لە باسی کردوە دەڵێت: (کار بۆ دونیات بکە بەپێی پلەو پایەت تێیدا، کار بۆ قیامەت بکە بە ئەندازەی مانەوەت تێیداو کاریش بۆ خوا بکە بە ئەندازەی پێویستیت بە زاتی خوا، کار بۆ ئاگر بکە بە ئەندازەی خۆڕاگریت لەبەرامبەر سوتێنەرەکەیدا). لەم مانایەدا زانست بەستراوە بە کردار و بە دڵسۆزیەوە واتە ئاڕاستەکردنی نیەت و مەبەست بەرەو لای خودا. (واتا زانست بەبێ کردار نابێت و کرداریش بەبێ زانست نابێت). بەمشێوەیە فەلسەفە پەروەردەییەکەی غەزالی لەگەڵ فەلسەفە کرداری و تیۆریەکەیدا جێبەجێ دەبێت. چونکە کرداری پەروەردە بریتییە لە ڕەبەرایەتیکردنی دەرون و ئاراستەکردنی بەرەو چاکەکاریەکان و دڵسۆزی چونکە ئامانج بەدیهێنانی بەختەوەرییە (سافی، 2016، 254 ـ 255). ئەگەر فێرخواز ئەم دە ئەرکەی بەجێهێنا بەرەو بەختەوەری دەڕوات، چونکە ئەم ئەرکانە خوازیاری کۆمەڵی ئەرکی ترن بەتایبەت بۆ مامۆستا، چونکە کرداری پەروەردەیی تەنها بەرهەمی ئەقڵی خۆشەویستی نێوان مامۆستاو قوتابیە با بزانین ئەرکی مامۆستا چییە؟

ڕوانینی غەزالی بۆ کاری فێرکار ڕوانینێکی نمونەییە دڵنیایی لە چواندنی زانست و فێربونی بە کار کردۆتەوە و فێرکاری بە خۆر چواندوە کە ئەوانیتر ڕوناک دەکاتەوە (فرحان، 1989، 58). چونکە ئەوەی فێری زانست بێت و کاری پێبکات و خەڵکیشی لی فێربکات، ئەو کەسە خۆی لە خۆیدا ڕۆشنەو ئەوانتریش ڕۆشن دەکاتەوە (غەزالی، 2016، 400).

غەزالی پێیوایە مامۆستا لە گرنگترین هۆکارەکانی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان ئەژمێردرێ، کاریگەری دادەنێت لەسەر بنیاتنانی کەسایەتی فێرخواز (رضا، 1989، ل215). کەواتە چەند سەرقاڵی ڕێنمایی فێرکردن بێت، ئەوەندەش زیاتر ڕوبەڕوی مەترسیەکی سەخت و هەڵگرتنی ئەرک و فەرمانێکی گەورەتر دەبێتەوە بۆیە دەبێت پارێزگاری لە ئاداب و ئەرکە گرنگەکانی فێرکردن بکات (غەزالی، 2016،400).

ئەرکی مامۆستا وەک پەروەردەکارێک:

1 ـ دەربڕینی سۆزو میهرەبانی بۆ فێرخوازەکانی، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (إنما أنا لكم مثل الوالد لولده) واتا گرنگترین کارێک بۆ دایک و باوک ڕزگارکردنی منداڵەکانیانە لە ئاگری دۆزەخ. هەروەها وەک منداڵی خۆی سەیری بکات، چونکە مافی مامۆستا لە مافی دایک و باوک گەورەترە (ابغوری، 1964، 30).

2 ـ مامۆستا نابێت هیچ ئامۆژگاریەکی چاک دوابخات و هەمو بەشەکانی فێر بکات، دەبێت مامۆستا ڕێگری لە فێرخوازەکەی بکات کە داوای پلە و پایە بکات پێش ئەوەی کاتی هاتبێتە پێشەوە یان خۆی بە زانستێکی شاراوەوە خەریک بکات، پێش ئەوەی لە زانستە دیار و ئاشکراکان لێ بوبێتەوە لە پاشان فێرخوازەکە ئاگاداربکاتەوە لە فێربونەکەیدا مەبەستی ڕەزامەندی و نزیکبونەوە بێت لە خودا (غەزالی، 2016، 407).

3 ـ ئەرکی مامۆستا بریتییە لە فێرکردنی زانست بەبێ داواکردنی پاداشت چونکە زانست ئامرازی بەدەستهێنانی پارەو سامان نییە (رضا، 1989، 215).

4– مامۆستا دەبێت تورەبونی بۆپێگەیاندن بێت، تا چەند بۆی دەکرێت سەرزەنشتی فێرخواز بکات بەڵام لەڕێگەی سۆز و بەزەییەوە نەک لە ڕێگەی ڕەخنە و ڕوخانەوە، چونکە ئەگەر بەڕەقی و بەڕاشکاوی بێت پەردەی سام و هەیبەتی نێوانیان نامێنێت و لەوانەیە بەرامبەرەکەی بکەوێتە حاڵەتی هەڵچون و گیانی دەماری تێدا بوروژێنێت (غەزالی، 2016، 410).

5 ـ ئەو کەسەی کە زۆر لەخۆی دەکات کە هەندێک زانست فێرببێت، پێویستناکات کە لە دەرونی فێرخوازەکەدا ناشرین بکرێت کە لە بەردەستیدا نییە (سافی، 2016، 258).

6 ـ فێرکردن بەپێی ئەقڵەکان لەگەڵ گرتنەبەری شێوازی نەرم و نیان، واتە ئەرکی مامۆستا بریتییە لە هەستپێکردنی جیاوازیەکانی نێوان فێرخوازەکان کە لە توانای فێرخوازەکان و وزە هۆشەکیەکانی فێرخوازدا هەست پێدەکرێت (رضا، 1989، 215).

7 ـ دەبێت لە ئاستی توانای فێرحوازدا زانستی بۆ باس بکات، ئەوەی فێرخوازێکی سەرەتایی بێت، دەبێت زانستەکەی بە ڕون و ئاشکرا بۆ باس بکرێت، کە لە ئاستی ئەو دابێت، باسی ئەوەی بۆ نەکات کە وردەکاری زۆری ماوە و بۆی هەڵگرتوە. چونکە حەز و مەیلی لەسەر مانا ئاشکراکان پەرت و بڵاو دەکات، گومان دەکات مامۆستاکە فێری هەمو شتێکی ناکات (غەزالی، 2016، 416).

8 ـ دەبێت زانا کار بە زانستەکەی بکات و درۆ نەکات قسەی پێچەوانەی کردارەکانی نەبێت چونکە زانست بە بەسیرەتەکان دەزانرێت و هەستی پێدەکرێت بەڵام کردار دەبینرێت (سافی، 2016، 259).

ئەرکی مامۆستا لەگەڵ کۆمەڵێک مەرجی زانستی و دەرونیدا یەک دەگرنەوە کە ئامادەباشی تێدا دروست دەکات بۆ کرداری فێرکردن، ڕۆڵی مامۆستا پاککردنەوەی ئەخلاق و بڵاوکردنەوەی زانست و یەقین و دڵنیاییە، واتە کرداری پەروەردەیی کردارێکی ئەخلاقی و فێرکارییە، لەبەرئەوەی کە ئامانجی فێرکردن ئەخلاقەو ئامانجی ئەخلاقیش بەدیهێنانی بەختەوەرییە (سافی، 2016، 259). هەمو ئەو مەرجانەی کە غەزالی دایاندەنێت بۆ (مامۆستا بێت یان فێرخواز) ئامانج لێیان هەستکردنە بە شتەکان بەپێی وزە و توانا بۆیە پێویستە مامۆستا ئاگاداری سروشتی کەسەکە بێت ئایا ئاسان فێردەبێت یاخود نا (سافی، 2016، 259).

بیرکردنەوەی غەزالی لەبارەی پەروەردە و فێرکردن پوخت دەبێتەوە لە چەند خاڵێدا:

1 ـ داواکردنی زانست هیچ مەبەستێکی نییە جگە لە ڕازیکردنی خودا.

2 ـ زانست نورێکە خودا خستویەتیە دڵەوە.

3 ـ دڵنیابونەوە لە ئامانجی دینی لە داواکردنی زانست.

4 ـ غەزالی فەلسەفەکەی خۆی لەسەر بنەمای ئەو زانستەی کە ئەقڵی تیۆری پێیگەیشتوە بنیاتناوە و ئامانجی بۆ بون (الوجود) داناوە کە بەدیهێنانی کامڵبونەکەیەتی واتە بەدەستهێنانی بەختەوەریەکەیەتی، چونکە هیچ بونەوەرێک نیە کە کامڵبونێکی نەبێت و هەوڵی بۆ نەدات، ئامانجی کامڵبونیش پاککردنەوەی دەرون و بەدەستهێنانی چاکەو خێرە، کامڵبونی تەواویش بریتییە لە ناسینی خودا، غەزالی دەڵێت (بزانە بەختەوەری هەرشتێک لەوە دایە کە بۆی دروستکراوە) (سافی، 2016، 262).

**باسی چوارەم: پەروەردەی سۆفیزمی غەزالی**

تەسەوف یەکێکە لە ڕێبازەکان بۆ گەیشتن بە پلەی بەرزی خواناسی لە ڕێگەی هەستی دەرونیەوە. ئەم هەستەش هەم بە چەشتن لە ڕێگەی دەرونەوە نەک زوبان. هەم بە چاوپێکەوتن بە چاوی دەرون نەک چاوی سەر کە پێی دەوترێت (بەصیرەت) هەستی پێدەکرێت (نەقشبەندی، 1985، 67).

تەسەوف وەک بەڵگەیەک لەسەر ئایینی سۆفیانە، لە ئیسلامدا دیاردەیەکی ڕۆحی زۆر گرنگە. لە بنەڕەتدا بەدیهێنانی پەیامی ڕۆحی پێغەمبەر (د.خ)ە. هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردنی شێوەکانی ئەم پەیامە لە ژیاندا بە شێوەیەکی کەسیەتی، لە ڕێگەی ناوەڕۆکی سروشتی قورئانیەوە. تەسەوف جەختکردنێکی زوڵاڵە شایەتییەکی حاشا هەڵنەگری ئیسلامی ڕۆحیە دژی هەر مەیلێک بۆ بچوککردنەوەی ئیسلام لە چوارچێوەی ئاینێکی فیقهی یان دەقگەرا (کۆربین، 2018، 229).

ئیمانی غەزالی یەکێکە لە گەورە پیاوانی ئیسلام و ڕێگای خواناسی. بەشێوەیەکی زانستی، ڕێڕەوی تەسەوفی ڕونکردۆتەوە، گرنگیەکی زۆری پێداوە. پێی وابوە ئەم ڕێگەیە مەردی خۆی دەوێت و جگەلە مەردی مەیدانی خۆی کەس ئەم ڕێگە ناناسێت. لەوەش زیاتر ڕای وایە ئەوەی بیەوێ لە ڕێگەی خوێندن و باسکردن و پشکنینەوە شتێکی لێ تێبگات سەر لە خۆی دەشێوێنێت (نەقشبەندی، 1985، 88).

غەزالی مامۆستاو زانایەکی هەڵکەوتو بوە لە قوتابخانەی نیزامی وانەی وتوەتەوە وەکو خۆی دەڵێ بە بەرنامەیەکی بەڕواڵەت ئایینی و لە ڕاستیدا دنیایی پیادە دەکرد. بەناوی مامۆستاو پلە و کەسایەتیەوە. بەڵام دوای هەڵسانەوەی لە خەڵوەتکێشی دا تەواوی بیرکردنەوەی ئەگۆڕێت و لەمەو دوا بەناوی خواوە کارەکانی ئەنجام دەدات (غەزالی، 2016، 76). وادیارە ئەم گۆڕانە تەواوی بیرکردنەوەی ئەگۆڕێت و لە زۆر

هەڵسوکەوت و دنیایی پێشتر پەشیمان دەبێتەوە. لەو بارەوە دەڵێت: بۆم ڕون بوەوە کە خۆشبەختی دواڕۆژ، بە (تەقوا) و جڵەوگرتنی دەرون لە ئارەزوەکان و ڕوکردنە لای خوایە، ئەمەش سەرناگرێ مەگەر بە پشتکردنەوە لەو شتە دنیایانەی کە دڵیان پێوە دەبەسترێت و مرۆڤ خەریک دەکەن بە خۆیانەوە. هەروەها دەڵێ: دوای ئەوەی سەرنجی خۆممدا، بینیم گوایە چاکترین کارم دەرس وتنەوەیە، بۆم ڕونبۆوە من سەرگەرمی کەمێ زانیاری وەهام کە هیچ گرنگ نییە و کەڵکێکیشی نییە بۆ دواڕۆژم. غەزالی هەر لەو بارەیەوە ئەگاتە ئەو بڕوایەی کە نیەتی لە دەرس گوتنەوە، ڕەزامەندی خودا نەبوە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و پلەو پایەو سامان بوە (نەقشبەندی، 1985، 98). گەیشتنی غەزالی بەم قۆناغە لە بیرکردنەوە، گۆڕانێکی ڕوکەش و ئاسایی نەبوە. بەڵکو دوای گەڕانێکی دە ساڵی دێت بە دوای حەقیقەتدا. وەکو خۆی دەڵێ، هیچ کۆڕ و کۆمەڵێک نەما تاقینەکاتەوە، خەڵوەو کەنارگیری نەما نەیکێشێ ئێش و ئازاری سەخت نەما نەیچێژێ (غەزالی، 2016، 55)

غەزالی، لە کتێبی (المنقذ من الظلال) سەرەڕای گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانی خۆی، باسی چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێگەی تەسەوف دەکات. لەو بارەیەوە ئەڵێت لە ناو ڕێڕەو و ڕێباز و بوارەکانی زانیاریدا، ئازاری زۆرم کێشاوە، بۆ ئەوەی بتوانم ڕێگایەکی ڕاست بدۆزمەوە و خۆم لە شوێنکەوتن و لاساییکردنەوە دەربێنم (نەقشبەندی، 1985، 98). کە غەزالی ئەبێتە گەورە سۆفیەکی ڕێبواری ئەم تەریقەتە. هەم ڕێبازی تەسەوف و سۆفیگەری بە ڕاستترین ڕێگا دەزانێت، لەدوا جاردا ڕوبەڕوی ڕەخنە دەبێتەوە. ڕەخنەکردنی غەزالی و بیرە سۆفیگەریەکەی لەوەوەیە کە پێیان وایە هەڵسوکەوتی لەگەڵ تەسەوفدا لە ڕێگەی دڵیەوە کردوە نەک لە ڕێگەی عەقڵەوە. هەر بۆیە چەند کەسانێکی بەرپەرچی بیرە سۆفیگەریەکەیان داوەتەوە، گوایە پێچەوانەی یاساکانی شەرعەو لە کتاب و سوننە لایانداوە (غەزالی، 2016، 85).

ئەو ڕەخنەیەی کە لە غەزالی ئەگیرێ دەربارەی لادان لە شەریعەت ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەو تەنیا لە یەک گۆشە نیگای شەریعەتەوە تەماشا ناکات، بەڵکو دەرونیش بە گرنگ ئەزانێت بۆ کەسی خواناس، چونکە بەلای غەزالی و کەڵە پیاوانی تریشەوە، ئەگەر شەریعەت بە لەشی ئیسلام دابنرێت، ئەوا گیانی ئەو شەریعەتە کە هەقیقەتە بریتییە لە سۆفیگەری. هەرکەسێک وای ئەزانی، ڕێگەی لێ ون بوە و بە لاڕێدا چوە (نەقشبەندی، 1985، 91). وەک ئاشکرایە تەسەوف دژی ئەوەیە ئیسلام لە چوارچێوەی ئاینێکی فیقهی دەقگەرا قەتیس بکرێت. ئەیەوێ پەرە بە تەکنیکی ڕۆحی بدات. لە تەریقەتی تەسەوفدا سێکوچکەی شەریعەت (وەکو دەقی ڕواڵەتی وەحی)، تەریقەت (ڕێگەی سۆفیانە)، هەقیقەت (حەقیقەی ڕۆحی وەک خۆ سەلماندن) بۆ ژیان و مەزهەبەکەی جەوهەرین (کۆربین، 2018، 230). لە وەڵامی ڕەخنەی ئەوانەی پێیان وایە کە غەزالی لە شەرع لایداوە. ئەو نەک هەر بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام نەبوە بەڵکو پێیوایە کەسی سۆفی ئەبێت دژی شەریعەت نەبێت تەنانەت بە مەرجی زانیوە لە شەریعەت لانەدەن و لەگەڵیدا یەکبگرنەوە،

نابێت بە هیچ جۆرێک سنوری ئەقڵ و زاهیری شەرع نەبەزێنن تا تواناو ئارەزویان لە ژێر دەستدابێت. خۆیان توشی پرسیار و وەڵامی خەڵکانی نەشارەزا نەکەنەوە (غەزالی، 2016، 62).

هەروەها لە وەڵامی ڕەخنەی ئەوانەی پێیانوایە هەڵسوکەوتی لەگەڵ تەسەوف لە ڕێگەی دڵ و ئارەزوەکانیەوە بوە. غەزالی دەڵێ: بە متمانەو دڵنیاییەوە هاتومەتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەهلی تەسەوف، تەنها ئەوانن ڕێگەی خودا پەرستیان گرتۆتەبەر و ڕێگەی هەقیقەتن و ئاکار و ڕەفتاریان پاکترین ڕەوشتە (غەزالی، 2016، 60) ئەم وتەیە و سەرگوزەشتەی ژیانی ئەوەمان پێدەڵێ بەو پەڕی تواناوە قوڵ بۆتەوە لە تەسەوف ئینجا گەیشتوە بەو باوەڕەی ڕاستترین و خۆشیترین ڕێبازی هەڵبژاردوە.

لە بەرامبەر ئەو ڕەخنانەدا لە غەزالی دەبینین ئەم پێشەوایە خۆی بەچاوی ڕەخنەوە لە تەسەوف و پەیڕەوانی هەیەو هەوڵی داوە ڕێڕەوەکە پوختە بکات و ڕایگەیاندوە کە ڕێبوارانی تەریقەتی تەسەوف بەبێ گەڕانەوە بۆ پابەندنەبون بە زانستی شەریعەت هەرگیز سەرکەوتو نابن. هەر بۆیە ئەبینین کتێبی (احیاء العلوم الدین)ی کردۆتە پەیڕەو و مەنهەجی داهاتوی ڕێبوارانی تەریقەت. هەروەها بەرپەرچی هەمو ئەوانەی داوەتەوە کە تەئویلی دور لە واتا و دەسەڵاتی شەرعی بۆ دەقەکان دەکەن (غەزالی، 2016، 71). ئەم گۆڕانەی بەسەر غەزالیدا هاتوە هەم کاریگەری کردۆتە سەر خۆی و دونیابینیەکەی، هەمیش کاریگەری لەسەر تەسەوف داناوە. لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت شێوازی قورئان بکرێتە هەوێنی هەمو دەرس و وانەکان و ئامۆژگاریەکان. چونکە بەڵگەکانی قورئان وەک خۆراکن، هەمو کەس پێویستی پێیانە، سود بە تاکەکان و زۆربەی خەڵکیش ئەگەیەنن (موفتی، 2018، 72).

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1- غەزالی شارەزاییەکی گەورەی لە زانستی فیقە و زانستی کەلام و سونەتدا هەبوە.

2-زانین لە لای غەزالی لە هەستەکان و ئەقڵ و حدس پێکدێت، هەستەکان وەک هەنگاوی سەرەتایی وئەقڵ وەک قۆناغێکی بەرزترو هەروەها گەیشتن بەحەقیقەتی کۆتایش لەڕێگەی حدس دەبێت.

3- بۆ زانینی بابەتەکانی میتافیزیک نابێت پشت بە هەستەکان و ئەقڵ ببەسترێت، چونکە تەنانەت ئەقڵیش دەکەوێتە ژێر گومانی میتۆدی غەزالی.

4-گەیشتن بە زانینی یەقینی و ڕاستەقینە بە تایبەت لە بابەتە میتافیزکییەکان لە ڕێگەی زانینی ناوەکییەوە دەبێت لە ڕێگەی حدس، کە خودا لە ڕێگەی ڕوناکی خۆیەوە دەیخاتە ناودڵی مرۆڤەکان.

5-گرتنە بەری ڕێگەی سۆفیگەری بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەی هۆش دروستیکردبو، و ئارامی و دڵنیایی لەم ڕێگەیە دەستکەوت و زانیاری پێویستیشی هەڵهێنجا.

6- لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە گەیشتین بەخاڵی دژیەک لە فەلسەفەی غەزالی کە جارێک ڕەخنە لە ئەقڵ ئەگرێ و جارێک پشتی پێ دەبەستێ. لەلایەک ئەڵێ ئەقڵ جێگای بڕوانییە بۆ گەیشتن بەڕاستی، لایکی تریشەوە پشتی پێ ئەبەستێ بۆ ڕەتدانەوە و بەدرۆ خستنەوەی فەیلەسوفان.

7- پەروەردە تەنها لایەنی هزری ناگرێتەوە بەڵکو لایەنی دەرونی و جەستەش فەرامۆش ناکات، فەلسەفەی ئیسلامی بە گشتی ئامانجێتی لە ڕێگەی پەروەردەکردنی تاکی باوەردارەوە بۆ دنیای ئێستا و کۆتایی خودا لە تاکەکان ڕازی بکات. وتاکەکان خۆیان دوربخەنەوە لە چێژو ئارەزوە کاتیەکان. بۆ فەراهەم بونی ژیانێکی ئارام.

8- ئیمام غەزالی یەکێکە لە پێشەوایانی ئاینی ئیسلام ڕۆڵێکی گەورەی هەبوە و هەیە لە پەروەردەی ئیسلامیدا ئەمیش لە ڕێگەی ئەو نوسراوانەی لە دوای خۆی بەجێهێشتوە لە ڕێگەی وانەوتنەوە وەکو مامۆستایەک.

9- غەزالی وای دەبینێت پەروەردە بریتییە لە فێرکردن و ئامادەکردنی دەرون بۆ دورکەوتنەوە لە هەڵە و بەلاڕێداچون و ئامۆژگاریکردنی بۆ ئاکاری بەرز و ئاکاری جوان.

10- غەزالی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، پەروەردەی ئیسلامی بەرەو پەروەردەیەکی ڕوحی و ناوەکی ئاراستە کردوە و بەرگێکی عیرفانی بەبەرداکردوە، ڕێگەی تەسەوفی گرتوە.

# The Philosophy of Education and Knowledge in the view of Ghazali

**Darstan Abdulrahman Hussin[1] - Bayar Othman Qadr[2] - Zryan Hamza Azziz[3]**

[1+2+3]Department of Philosophy, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The abstract of this paper includes sources and methods of access to knowledge and methodic doubt in Ghazali viewpoint and describing the concept of education in the philosophy of Ghazali. The sources of obtaining knowledge in al-Ghazali's view are not only the senses and the intellect, but also the revelation of the prophets. This means that the prophets own a special knowledge that is not normal to all the people, and the ordinary people must follow. The senses communicate the knowledge of mind, but reaching the truth is not achieved through feelings and minds alone. Emotions and thoughts are doubtful and often deceive us. We do not reach the knowledge of certainty, especially in metaphysical matters. The things that fall on the other side of the world are feelings, so Ghazali uses doubt to reach the knowledge of certainty, and this can be found through guessing. Ghazali thought that human could achieve the truth through the incident. The term 'Education' is used in every language which all focus on the preparation and training. Islam has given great importance to education and the Holy Qur'an itself. Imam Ghazali has played a major role in Islamic education. He has many writings, such as 'Ihya Uloom al-Din', which is a valuable encyclopedia of renewing the Islamic sciences and Islamic education. Ghazali tried to turn Islamic education towards Sufism. And the goal of Islamic education is to prepare a single believer committed to achieving happiness.

**Keywords:** Ghazali,philosophy of Education, Knowledge, Doubt, Incident

## لیستی سەرچاوەکان:

-ئالانی، عزیز، (2019)، فەلسەفەی پەروەردە، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا.
- ئیمامی غەزالی(2018): دارمانی فەیلەسوفەکان، و:ئیبراهیم بەهائوددین خەتەبی، چ1، چاپخانەی گەنج-سلێمانی.
-ئیمام غەزالی، (2016)، ژیانەوە زانستە ئاینیەکان، و: شێخ محسینی شێخ خالدی موفتی، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات.
-بەدەوی، عبدولڕەحمان،(2021): فەلسەفەی ئاین و پەروەردە لای کانت،و: سامان عەلی،ب4،چاپخانەی تاران.
- جومعە، محەمەد لوتفی، (2016)، مێژوی فەیلەسوفانی ئیسلام، و: ڕەسوڵ بەختیار.
- حەمەد، یوسف عوسمان، (2005)، هەولێر، تیۆرەکانی پەروەردە و فێربون، چاپی یەکەم.
- دیبۆر، ت.ج. (2013): مێژوی فەلسەفە لە ئیسلامدا، و: ئارام ئەمین شوانی، چ1، پاچخانەی موکریانی-هەولێر.
- سافی، نورالدین، (2016)، ڕەخنەگرتن لە عەقڵ، و: سەعید بەشیر مستەفا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج.
- شەشۆیی، هەمزە(2016): فەیلەسوفەکانی ئیسلامی، چ 1، چاپخانەی سارا
- صافی،نورالدین،(2014):فەلسەفەی سۆفیگەری، و: وەسمان، محەمەد، چ2، چاپخانەی ئاوێر-هەولێر.
- عزیز، حەمید(2013): فەلسەفەی زانستی کەلام، چ1چاپخانەی موکریانی- هەولێر.
- عزیز، حەمید(2016): تیۆری زانینی زانستیانە، چ1، دەزگای ئایدیا چاپخانەی دلێر.
- کۆربین، هێنری، (2018)، مێژوی فەلسەفەی ئیسلامی، و: عومر عەلی غەفور، چاپخانەی تاران.
- کۆمەڵێ نوسەر، (2005)، عەلی ئەکبەر مێهرئارا، محەمەدعەباس زادەگان، عەلی فزوزفەر: مێژوی پەروەردە و فیرکردن (لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا ڕێنسانس)، وە: قادر وریا.
- مەحمود، عبدالرحمان حەمە چاوش، (2013) پەروەدە لە سایەی فەلسەفەی پەروەردەی نیشتمانیدا، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.
- محەمەد، ئەحمەد عەلی ئەلحاج، (2008)، فەلسەفەی پەروەردە، وە: تەها محەمەد ئەمین قەرەداغی، سلێمانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- میهرین،میهر داد(2009):قوتابخانە فەلسەفییەکان، و: سیدۆ داود عەلی،چ1،چاپەمەنی گەنج-سلێمانی.
- نەقشبەندی، ئەمین شێخ علاءالدین: (1985)، تەسەوف چیە، چاپی یەکەم، لە چاپدانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان.
- نەقشبەندی، ئەمین شێخ عەلائەدین(2002): تەسەوف چیە، چ1،چاپخانەی ژین-سلێمانی،.
- هەورامی، حەمە کەریم، (2008)، هەولێر، مێژوی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری
- م ابغوري، انطوان، (1964)، اعلام التربية حياتهم-أثارهم، دار الكتاب بيروت.
- توفيق، ضياء حبيب(2010): مصادر المعرفة فی فلسفة الاسلامية المعاصرة، ط الاولی-مطبعة دار دجلة.
- الحجلاوی، لطفی، (2009)، فلسفة التربية اشكاليات الراهنة، دار التنوير.
- ديوی، جون، (1946): الديمقراطية والطربية وهو مقدمة فی فلسفة التربية، ترجمة:د. متی عقراوی و زكريا ميخائيل، مطبعة الجنة- القاهرة.
- رضا، الدكتور محمد جواد، (1989م)، أئمة الفكر التربوی الاسلامي، الطبعة الأولى.
- صليبا،جميل(1365هج) : المعجم الفلسفی، ج2، ط1، مطبة سليمانزادة.

- د. عبدالله المجيدل، صابر جيدوري، د. محمود علي محمد، (2013–2014) فلسفة التربية، جامعة دمشق.
- الغەزالی، ابوحامد(1960): المنقض الضلال، تحقيق :جميل صليبا و كامل عياد، ط6، مطبعة البيروت.
- فرحان، محمد جلوب، (فرحان)، دراسات في فلسفة التربية
- الورتی،احمد ابراهيم(2019): نظريةالمعرفة عند فلاسفة المشرق الاسلامی، ط الاولی، اربيل، مطبعة التفسير


## پەراوێز:

1– ئەبو حامید محەمەد کوڕی محەمەد غەزالی، لەنێو خەڵکیدا بەناوی غەزال ناسرابو، گەورەترین زانایانی زانستی کەلامە لەسەردەمی خۆیدا و یەکێکە لە ئیمامەکانی مەزهەبی شافیعی، لەساڵی 450ک بەرامبەر 1058ز لەتوس لەدایکبوە کە یەکێکە لەشارەکانی خوراسان، دواتر بۆ وەدەستهێنانی زانست چوتە نیشاپور، ئەو هەر لەمنداڵییەوە ئاماژەو نیشانەی زیرەکی و ژیریی لێ بەدەرکەوتوە و یەکێک بوە لەوانەی لەڕوی زانستیەوە لەسەردەمی خۆیدا دەگمەن بوە، لەڕوی زانستی کەلامەوە زانستێکی فراوانی هەبوە و هەڵوەستەی کردوە لەسەر هونەرەکانی فەلسەفە، بەهۆی ئەوەی نیزامی پاشا کە وەزیری سوڵتانی پاشای شای سەلجوق ئارەزوی لەو زانستە هەبوە، بۆیە کارگێڕی قوتابخانەی نیزامی کە لەبەغدا دامەزراندوە خستیە ژێردەستی. ئەو کات غەزالی لەتەمەنی سی و سێ ساڵیدا بوەو لەنێو زاناکانی ئەو سەردەمە بەهایەکی گەورەی هەبوە، لەپاش چەند ساڵێک قوتابخانەی نیزامی جێهێشت و بەرەو مەککە ڕۆیشت تا ئەرکی حەج بەجێبهێنێ، کاتێک ئەو ئەرکە پیرۆزەی بەجێهێنا، چەندان وانەی لە مزگەوتەکانی دیمەشق و قودس و ئەسکەندەریە گوتوە. وەک سۆفیگەرێک ژیاوەو دەستی بە نوسینی کتێب کرد، مەبەستیشی ئەوە بو ئاینی ئیسلام وەک بەبەهاترین و شکۆدارترین ئایین بخاتە ڕو لە نێوەندی ئایینەکانی دیکەو فەلسەفەوە، لە پاشاندا وازی لە نوسین هێناو گەڕایەوە نیشاپور تا قوتابخانەیەکی نیزامی بەڕێوەببات، لەپاشاندا گەڕایەوە توس و داڵدەیەکی (تەکیەیەک)ی بۆ سۆفییەکان دامەزراند، ئەو ژیانەی کە مایبو بۆ پەرەستی خوداو لێکدانەوەو ڕامان تەرخانی کردو لەساڵی 505ک بەرامبەر 1111ز کۆچی دوایی کرد. غەزالی لەزۆربەی بوارەکاندا نوسینی هەیە، لەبەرهەمەکانی: المنقذ من الضلال، مقاصد الفلسفة، تهافت الفلاسيفة، ايها الولد، ميزان الاعمال، جواهر القران، احياء علوم الدين، كيميا السعاده.......هیتر.

2– دێکارت (1596–1650ز) ئەم فەیلەسوفە بەهەمان شێوەی غەزالی گومانی کردۆتە پنتی دەرچون بۆبیناکردنی فەلسەفەکەی، بەڵام بەمەبەستێکی جیاوازتر لە غەزالی بەکاریهێناوە، هەروەها وەک غەزالی بڕوای تەواوی بەحدس هەبو کە پێیوابو مرۆڤ لەڕێیەوە دەرکی حەقیقەت دەکات. هەندێ توێژەریش بڕوایان وایە دێکارت ئەم نوسراوەی غەزالی خوێندۆتەوەو تێبینی لەپەراوێزەکەیدا نوسیوەو، کە پارێزراوە لە (مۆزەخانە).